# ڕۆڵی کاراکتەری ژن لە ڕۆمانەکانی عەلی حەسەنیانیدا (*)

پ. ی.د. عوسمان حمد خضر دەشتی
زانکۆی کۆیە– فاکەڵتی پەروەردە
بەشی کوردی

د. سەرکەوت عمر ابراهیم
زانکۆی ڕاپەڕین– فاکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ   بەشی کوردی

**پێشەکی:**

بەگشتی لە نێو چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا ژن وەک کاراکتەر ڕۆلی بینیوە، جا ئەو ڕۆڵ بینینە چ وەک کاراکتەری لاوەکی بووبێت چ وەک کارەکتەری سەرەکی و شاکەس بووبێت. لە نێو ڕۆمانەکانی حەسەنیانیشدا ژن پێگەو ڕۆڵێکی دیاری هەیەو ڕۆماننووس ڕۆلی جیاوازو کاریگەری بە ژن داوەو لە تێڕامان لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانی نووسەردا بە ڕوونی دەبینین، کە بەشێکی زۆری ڕووداوی ڕۆمانەکان لە بارەی ژن و لە ڕۆڵ و کاریگەری ئەو کاراکتەرە ژنانە دەدوێ کە لە نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکانیدا ئامادەییان هەیە. ڕۆماننووس هەولی داوە ڕۆڵ و کاریگەری ژن لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە وێنە بگرێ، ئەویش بە هەڵسووڕانی ڕووداوی سەرەکی نێو ڕۆمانەکان یاخود ئەو ڕووداوە لاوەکیانەی کە تایبەتی کردوون بەو کاراکتەرە ژنانە. لێرەوە ڕۆماننووس ویستویەتی جیهانبینی و تێڕوانینی مرۆڤانەی خۆی لەمەر کێشەکانی ژن و ئەو کاریگەرییەی کە ژن هەیەتی لە نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیدا بخاتە ڕوو. لەم ڕوانگەیەشەوە وێنەی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسییە بکێشێ، کە کۆمەڵگەی کوردی لە و قۆناغەدا پێیدا تێپەڕیوە. هەر بۆیە دەبینین لە ڕۆمانی "دەروێش"دا ئەگەرچی "دەروێش وەفا" وەک کاراکتەری سەرەکی و بگێڕەوەی ڕۆمان ڕۆڵ دەگێڕێ، بەڵام گێڕانەوەو باسەکانی لە بارەی "پەری"یەو پەری دەبێتە چەقی خولانەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە. لە ڕۆمانی "بزەی ژیان"دا ژوان هەم بگێڕەوەی ڕۆمانەکەیەو هەم کاراکتەری سەرەکیشە، لە ڕۆمانی "کارمامز"دا وریا وەک شاکەسی ڕۆمانەکە ڕۆڵ دەگێرێ، بەڵام "مامز" وەک کاراکتەرێکی دیاری نێو ڕۆمانەکە دەردەکەوێت.

حەسنیانی لە نێو ئەو ڕۆمانانەدا بە مەبەست کاراکتەری ژنی بە جۆرێک وێنا کردووە کە ئەو ڕۆڵەی هەیەتی تەنیا لە یەک گۆشە نیگاوە نەبێ، بەڵکو لە چەند گۆشە نیگایەکەوە ڕۆڵی ژنی نیشانداوە، کە لە بەشی دووەمی ئەم تـوێژینەوەیەدا بە شـێوەیەکی پراکتیکـی و لە چەنـد تەوەرێکـی جیـاوازدا ڕوونکراونەتەوە. بۆ نموونە: سروشتی کاراکتەرو کەسایەتی ڕۆشنبیری داوە بە هەندێک لە کاراکتەرەکانی و، سروشتی کاراکتەرو کەسایەتی خەباتگێڕی بە هەندێک لە کاراکتەرە ژنەکانی دیکە داوەو، لە هەندیک شوێنیشدا وەکو کاراکتەری واقیعی و لە هەندێکیشیاندا سروشتی ئەفسانەیی پێبەخشیووە.
تـا ئێسـتا هـیچ تـوێژینەوەیەک لە بـارەی ڕۆمانەکـانی ئەم نووسـەرە ئەنجـام نەدراوە هۆکاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەش لەو ڕوانگەیەوە سـەرچاوەی گرتووە کە جێ دەستی ئەم نووسەرە لە گەشـە پێدانی ڕۆمانی کوردیدا دیار بخرێت و لە لایەکی دیکەشـەوە پێگەی ژن لە ڕۆمانەکانی نووسـەردا دیاری بکرێت.

## بەشی یەکەم
## کاراکتەری ژن لە نێو ئەدەبدا

### تەوەری یەکەم: پێگەی ژن لە نێو ئەدەبدا:

ئەدەب وەک کـایەیەکی مەعریفـی و سۆسـیۆلۆژی بەشـێوەیەکی گشـتی لەگەڵ گرینگیـدانی بەو ڕەهەنـدانەی لە بارەیـانەوە دەدوێ لە هەمـان کاتـدا بە بەردەوامی ژن تیایدا تەوەرێکی پڕ بـایەخ بـووە، لە هـیچ قۆنـاغ و سـەردەمێکدا نەیتوانیـووە خـۆی لە ژن و باسـکردنی ژن بە دوور بگرێـت؛ جـا ئەم گرینگـی پێدانە چ لەسەر ئاستی ژانرە جیاوازەکانیدا بووبێت چ لەسەر ئاستی چۆنیەتی و چەندێتیـــدا بووبێـــت. ئەگەر ســـەرەتا ئاوڕێـــک لە ئەدەبـــی فۆلکلـــۆری و سـەرزارەکی بـدەینەوە زۆر بە ڕوونـی ئەوە دەبینـین کە ئەدەبـی فۆلکلـۆر بە هەموو بەشەکانییەوە ژن پێگەیەکی دیاری تێدا هەبووە، لەبەر ئەوە بـایەخێکی بەرچـاوی بە ژن و ڕۆڵ و پـێگەی ژن داوە. ئەم بـایەخ پێـدانە هەم لە دنیـای شیعری فۆلکلـۆری و هەم لە داستانی قارەمـانی و دڵداری و هەم لە چیرۆکـی بەرئاگردان و تەنانەت لە نێو پەندی پێشـینان و ئیدیۆم و لاوک و حەیران و بەندو باڵۆرەشدا تەواو ڕەنگڕێژو دیارە.

لەدوای سەرهەڵدانی ئەدەبی نووسراویش ئەم بایەخ پێدانە بە ژن لە نێو ئەدەبدا بە تایبەتی لە بواری شیعردا، جێگەی بایەخی شاعیران بووە و بە تێڕامانیش لە ئەدەبی جیهانی و شیعری نەتەوە جیاوازەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ژن هەمیشە چەقی لێدوان و پێداهەڵدانی شاعیران بووە لە هەر قۆناغێکداو، بە پێی بنەماکانی هەر ڕێبازێکی ئەدەبیش پێگەی ژن لە نێو ئەدەبدا وێنەی گیراوە، بۆ نموونە: لە ڕێبازی کلاسیکیدا و، لە نێو شیعری کلاسیکیدا ستاتیکای وێنەی شعریی زیاتر لە پیاهەڵدان و وێنەگرتنی ڕوخساری ژنەوە سەرچاوەی گرتووە. لە قۆناغی ڕۆمانیسزمیشدا شاعیران پایەی ژنیان بەجۆرێک بەرزکردۆتەوە کە گەیشتووەتە ئاستی پیرۆزکردن. لە ئەدەبی ڕیالیستیشدا شیعر ئەو جۆرە لە تێڕوانین جی دەهێڵێ و لە هەوڵی دیارخستنی ڕۆڵ و پێگەی ژن بووە لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەو بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانیدا .

ئەم تێڕوانینەی ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی لە بەرانبەر ژندا بە هۆی ڕۆڵ و پێگەی خودی ژنەوە بووە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، تا ئەو ئەندازەیەی زۆرجار داهێنانی ئەدەب بەستراوەتەوە بە پێگەی ژنەوەو خودی ژن بۆ خۆی بۆتە سەرچاوەی داهێنانە ئەدەبییەکان. بە تایبەتی داهێنانی شیعرو ڕۆمان و هەندێک لە نووسەران و بیرمەنداني دنیای ئەدەبیش ڕاستەوخۆ درکیان بەو سیحرەی ژن کردووەو ڕاشکاوانە باسیان لێوە کردووە (( جوانی ژن دەتوانێ ببێتە داهێنانی مەزن.. لە جوانی ژن و لە خۆشەویستی ژندا دەیان داهێنانی شیعری لە شیعری هاوچەرخی دونیادا لە دایک بوون)) (ئەحمەد، ٢٠٠٤: ٢١٧).

ئەم پێگە دیارو بەرچاوەی ژن لە نێو ئەدەبدا ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ خودی ڕەگەزی ژن و بەشداریکردنی بووبێت لە نێو کایە جیاوازەکانی ژیاندا، چونکە هەر لە سەرەتاوە ژن لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ژیاندا هاوشانی پیاو هەنگاوی ناوە و ڕۆڵی خۆی نواندووە لە بونیادنانی ژێر خان و سەرخانی قەوارە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی لە هەر کیشوەر و ناوچەیەکی جوگرافیدا بوو بێت و، لە هەر سەردەم و قۆناغێکیشدا بە شێوەو جۆرێکی جیاواز، بووە هەروەک ئەوەی بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ((بەشێکی زۆری پێشکەوتنی ژیانی ئابووری لە کۆمەڵگای بەرایی دا بۆ ژنان گەڕاوەتەوە، پتر لەوەی بۆ پیاوان)) (دیورانت، ٢٠٠٧: ٨٧). تەنانەت بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی

مرۆڤـایەتی ئەو ڕاسـتییەمان بـۆ دەردەکەوێـت کە لە قۆنـاغە جیاوازەکـانی تەمەنی ژیانی مرۆڤایەتیدا ژن لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا نەک هەر پێگەو ڕۆڵی دیاری هەبووە بگرە لە زۆر بوار و ڕەهەندی جیاوازی ژیاندا دەسەڵاتدارو خـاوەن بڕیـاری تـایبەتی خـۆی بـووە ((ژن لە کـۆمەڵگەی سـەرەتاییدا، هـیچ جـۆرە چەوسـاندنەوەیەکان لەسـەر نەبـووە، بەڵکـو دەسـەڵاتی بەڕێـوەبردنی خێزان لەدەست ئەواندا بـووە، ئەو قۆنـاغەش بە قۆنـاغی دایکسـالاری بەنـاو بانگ بووەو ژنان لەو سـەردەمەدا زۆرینەی دەسـەڵاتەکانیان لە ژێر دەسـتدا بـــووە)) (کەریـــم، ٢٠٠٢: ٦). بەڵام لەگەڵ ئەو گۆڕانکـــارییە بنچینەیـــی و ڕیشـەییانەی کە بەسـەر کـۆمەڵگەی مرۆییـدا هـاتووە، ئەو دەسـەڵات و پـێگەو ڕۆڵە دایکسـالارییەی ژن لە بەیـن چـووەو دەسـەڵاتی پیـاو سـالاری خـۆی سەپاندووە و ژن و پێگەی ژنی خستۆتە ژێر سایەو سێبەری خۆی.

(فریدریک ئەنگلس) لە بارەی گواستنەوەی دەسەڵات لە ژنەوە بۆ پیاو دەڵێت: ((هەر کە دەسـەڵاتی ڕاستەقینەی پیاو لە ماڵدا پتەو بوو بووە هـۆی نسکۆ هێنـانی مـافی دایکسـالاری و خسـتنەگەڕی مـافی باوکسـالاری)) (ئەنگلـس: ٢٠٠٤: ٣١٠). ئەو پێگەو مەکانەتە جیاوازەی ژن بە پێی گۆڕانکاری قۆنـاغ و جیاوازی نەتەوەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لە کایەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەریشـدا ڕەنگیـداوەتەوەو، لە ئەدەب و بـواری مەعریفـی هەر نەتەوەو میللەتێکیشدا بەشێوەی جیا جیا خۆی نواندووەو لە بواری شیعر و شـانۆ و نوانـدن و چیـرۆک و ڕۆمانیشـدا هەمیشـە ژن وەک کـاراکتەر پـێگەی تـایبەتی خۆی هەبووە، بەجۆرێک کە هەندێ جار ڕووداوەکـانی نێـو ڕۆمـان وابەسـتەی ژن و کـاراکتەری ژن کـراوەو هەنـدێ جـاریش بـزوێنەر و هەڵسـوڕێنەری ڕووداوەکـان و ئاراسـتەکردنی کـاراکتەری ڕەگەزی نێریش خـودی کـاراکتەرە ژنەکانن.

**تەوەری دووەم: پێگەی ژن لە نێو ڕۆماندا:**

ژن لە نێو دنیای ئەدەبدا بەگشتی پێگەی تایبەتی خـۆی هەیە، بەو واتـایەی چـۆن لە دنیـای واقیعیدا ژن ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێت لە بـوارە جیاوازەکـانی ئەدەبیشدا بە هەمان شێوە بووەو، زۆرجـار ئەوە کارکردی سـەرەکی ژنە، کە دەبێـتە تەوەری سـەرەکی و چەقـی لێـدوان و داینەمـۆ و هەڵسـوڕێـنەری ڕووداوەکـان. بـۆیە بەرجەسـتە بـوونی پـێگەی ژن لە نێـو ڕووداوی ڕۆمانـدا دەوەسـتێتە سـەر ئاسـتی بەشـداری و ڕۆڵـی کـارای ژن لە بەرەوپێشـبردنی

ڕووداوەکـان و بەیەکگەیانـدن و پچڕانـدنی پێوەنـدی نێـوان کاراکتەرەکـان و ئەکتیڤکردنـی ڕووداوەکـان. ئەمەش بەهـۆی فراوانـی مەودای خـودی ژانـری ڕۆمانەوەیە کە گونجاوترین ژانری ئەدەبییە بۆ وێناکردنی پێگەی ژن تیایدا، چـونکە ((ڕۆمـان بە تەنیـا گوزارشـتکردن نـیە لە خـود، بەڵکـو ڕۆمـان تـاکە هۆکارە هەموو سیماکانی بوونی مرۆیی ببینێت و وەسفیان بکات و شیکاریان بکات و ڕوونیان بکاتەوە)) ( سدیق، ٢٠٠٩: ٩٢).

پێگەی ژن لە نێو ڕووداوی ڕۆماندا لە چەند ئاستێکی جیاوازدا دەردەکەوێ بۆ نموونـــە: دەشێ پێگەیەکی سەنتراڵی هەبێت و وەک کاراکتەری سـەرەکی یان وەک شاکەسی ڕۆمان ڕۆڵ بگێڕێت، هەندێ جاریش وەک کەسـی لاوەکی پـێگەکەی دیـاری بکرێـت. لە لایەکـی دیـکەوە دەشـێ کەسـێتی ژن لە نێـو ڕووداوەکـانی ڕۆمانـدا وەک کەسـێتییەکی جێگیـر دیـاری بکرێـت و وێنەیەکـی چەسپاو نیشانبدات، یان وەک کەسێتییەکی پەرەسێن و لەگەڵ گـۆڕانی ڕەوتـی ڕووداوەکانـدا گـۆڕانی بەسـەردا بێـت و خـۆی بنـوێنێ ((هـێزی بـزوێنەریش لە پانتایی ڕۆماندا کەسی تەوەرەییە. ئیدی ئەم کەسە ئەوەندە بەرچـاو دەبێت بە ڕادەیەک دەسەڵاتی بەسەر هەموو توخمەکانی پانتایی ڕۆمـانەکەدا دەشکێت و لە ئەنجامدا دەبێتە ئەو هێزە بزوێنەرەی کە هەنـدێ جار ڕۆمـانەکە لە سـایەی ئەو کەسـێتییەوە دەناسـرێتەوە)) (کـاکەوەیس، ٢٠٠٥: ٧١)، بەڵام لە هەمـان کاتـدا و لە بەرانـبەر ئەو ڕۆڵە دیـارەی کەسـێتی سـەرەکی دەیگێڕێـت، کەسـە لاوەکیەکـانیش زۆر جـار دەبـنە ناوەنـدی بیرکـردنەوە و گـۆڕینی ئاراسـتەی ڕووداوەکـان. پانتـایی ڕۆمـانیش خـۆی بـوارێکی لەبـارو گونجـاوە بـۆ ئەوەی شـــاکەس و کەســـێتییەکانی دیـــکەی دەوروبەری لە مەودایەکـــی فراوانـــدا هەڵسـوڕێن، هەنـدێ جـاریش ئەو ڕۆڵە گرینـگ و بەرچـاوەی هەڵسـووڕاندنی ڕووداو و کەسـێتییەکانی دیـکە لە لایەن ڕۆماننووسـەوە دەخـرێتە ئەسـتۆی کاراکتەری ژنەوەو، دەبێتە کەسێتی سـەرەکی و سـەنتراڵی نێـو ڕووداوەکـان و چەقی قورسایـــی ڕووداوەکانی دەکەوێتە سەرشان.

ئەم پێگەیەی ژن لە شێوە و ڕواڵەتی کەسێتی تـایبەتی ژنـدا خـۆی نـانوێنێ، بەڵکـو ئەو پـێگەو مەکـانەتە دەشـێ لە ڕوانـگەی کەسـێتی جیـاوازی ژنەوە بنـوێنرێن لە نێـو ڕووداوەکانـدا. هەروەک ئەوەی دەشـێ ئەو پێگەیە بە هـۆی وێنەی واقیعی بـوونی ژنەوە بێت، یـان بەهـۆی ڕۆڵـی ئەفسـانەیی یـان بەهـۆی ڕۆشنبیربوونی یان بەهـۆی ڕۆڵـی سیاسـی و ئایدۆلۆژیانەی کـاراکتەری ژنەوە

بێت، هەر لەبەر ئەوەیە كە (( ڕۆماننووس بۆ خوڵقاندنی كەسێتی ئافرەت پێویستە ئاگاداری ئەو بارە بێت كە ئافرەتەكەی تێدایە ئەمەش كارێكە پەیوەندی بەسەلیقەی ڕۆماننووسەوە هەیە، لەم ڕووەوە ئەو ئەركەی دەكەوێتە سەر شانی نووسەر نیشاندانی كەسێتییەكەو ڕۆڵ پێدانییەتی لە ناو كەشی ڕۆماندا بەشێوەیەكی وا نیشانیان بدا خوێنەر بە باشی لە سروشتی كەسێتییان و ڕەفتاریان تێبگات)) (محەمەد، ٢٠٠٤: ٢٠).

زۆر جار پێگەی ژن لە دنیای ڕۆماندا هاوشێوەی پێگەكەیەتی لەسەر ئەرزی واقیعدا تەنانەت ئەوەی خوێنەر لە واقیعی ژیاندا لە بارەی پێگەی ژنەوە نایزانێت ناتوانێت ببینێت ڕەنگە لە جیهانی ڕووداوەكانی نێو ڕۆمانەوە دركیان پێ بكات، چونكە زۆرجار ڕاگرتن، پێشخستن، هەڵگێرانەوەی ڕووداو و كەسێتییەكان بەندە بە ڕۆڵی كاراكتەری ژنەوە دەشێ فاكتەری ڕاستەقینە و چەقی قورسایی ڕۆمان لە دەوری ئەو پێگەیە بسووڕێتەوە كە كاراكتەری ژن دەیگێڕێت.

لە كۆمەڵگەی كوردیشدا هەمیشە سایەو سێبەری دەسەڵاتی ڕەگەزی نێر بەسەر سەری ڕەگەزی مێوە خۆی نواندووە ((لەبەر ئەوەی بەهۆی دواكەوتوویی گەلەكەمان ئافرەت بە زەعیفەو بێ دەسەڵات ناسراوە. لێرەدا دەكرێ ئافرەت بكەینە پاڵەوانی ڕووداوەكان، بەڵام بەمەرجێك بكرێتە لووتكەی مەرگەسات و مەینەتییەكانی ژیانمان)) (سالح، ٢٠٠٦: ٥١). بەڵام دەكرێ لە ڕۆماندا بۆ دیارخستنی توانا و لێهاتوویی و ڕەگەزی ژن ڕۆڵی سەنتراڵی پێ بدرێت. هەندێك لە ڕۆماننووس و چیرۆكنووسانی كوردیش ئەو ئەزموونەیان تاقیكردۆتەوە بۆ پێدانی ئەو پێگەو مەكانەتەش ڕۆمان باشترین و گونجاوترین ژانرە كە بتوانێ ئەو ئەركە بگرێتە ئەستۆ چونكە، ((هەموو ئەو پێناسانەی بۆ ڕۆمان كراون و تێیاندا جەخت لە نزیكی ڕۆمان لە ژیان و پەرۆشی ونیگەرانییەكەی سەبارەت بە كێشەكانی تاك و كۆمەڵ و لێ ووردبوونەوەی كراوە)) (برادبری، ٢٠٠٨: ١١٨). بە تایبەتیش ئەو كێشەو ئاریشە چەسپاوانەی كە لە ڕۆژگاری خۆیدا هەڵگری واتا و دەلالەتی كۆمەڵگەی كوردین لە سەردەم و قۆناغی دەرەبەگایەتیداو زۆرجاریش بەرۆكی ژنیان گرتۆتەوە.

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە كە ڕۆماننووس دەیەوێت لە ڕێگەی وێناكردنی كەسێتییەكانەوە، جا چ كەسێتی سەرەكی بێت و چ

کەسێتییە لاوەکیەکان بیگەیەنێت، (( ئەگەر ڕووداو و کەسێتی دوو بناغەی گرنگبن بۆ خولقاندنی ڕۆمان، ئەوا چۆنێتی کارپێکردنی ئەم دووەو خستنە خزمەتی ئەو پەیامەی نووسەر گەرەکییەتی لە ڕێی ئەو تێکستەوە بیگەیەنێت یەکێکی ترە لە خاڵە بناغەییەکانی ڕۆمان و لە پاش ئەمەش ئەو ئایدیایە گرنگە، کە نووسەر کاری لەسەر کردووە)) (سدیق، ٢٠٠٩: ٤٦).

زۆرجاریش گەیاندنی ئەو ئایدیایانەی کە ڕۆماننووس مەبەستیەتی بە خوێنەر و کۆمەڵگەی خۆی بگەیەنێت دەیخاتە ئەستۆی کاراکتەری ژنەوە، ڕەنگە ئەمەش لەمەوە سەرچاوەی گرتبێ کە هەندێ ئەرک لە ژیانی مرۆڤدا، بە سروشتی ژیان لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا جیاکراونەتەوەو سروشتیشە هەر یەکەیان باشتر ئەو ئەرکەی خۆی ڕاپەڕێنێ.

## تەوەری سێیەم: پێگەی ژن لە ڕۆمانەکانی عەلی حەسەنیانیدا:

عەلی حەسەنیانی وەک نووسەرێکی دیاری ئەدەب و یەکێک لە نوێخوازەکانی شیعری نوێی کوردی ڕۆڵێکی دیاری لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا هەبووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لەگەڵ سوارەی ئێلخانیزادە و فاتیحی شێخولئیسلام، سێکوچکەیەکی بزوتنەوەی شیعری نوێی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاندووە، ((دیاردەی نوێخوازی لە شیعری نوێی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەهەمان شێوەی کوردستانی باشوور بەسێ قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێت. بەرەی یەکەمی نوێگەرایی و ئەزموونکردنی ئایدیای مۆدێرن لە شیعری نوێی کوردیدا سەرەتا لە سوارەی ئێلخانی زادە و یەک دوو کەس لە هاوڕێیانی "فاتیح شێخولئیسلام(چاوە) و عەلی حەسەنیانی یەوە دەرکەوت)) (فەلاح، ٢٠١٣: ٤٠٣). ڕۆلی دیاری ئەم شاعیرە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەندازەیەک دیارە کە هاوشانی سوارەی ئێلخانی زادە هەنگاوی ناوە و ناوی لەگەڵ ناوی ئەودا دێت، ((شیعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سێ کوچکەیەکی سەرەکی هەیە بریتییە لە سوارەی ئێلخانی زادە، فاتح شێخولئیسلام"چاوە"، عەلی حەسەنیانی. ئەم سێ ناوە لە ساڵانی پەنجاکانەوە رۆڵی گرنگ و بەرچاویان لە نوێگەری شیعری کوردیدا هەبووە)) (محموود، ٢٠٠٧: ٤١).

ئەم نووسەرە وەک چۆن لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا ڕۆڵێکی دیاری هەبووە، بەهەمان شێوە لە بواری نووسینی پەخشانیشدا بە تایبەتیش لە

بواری نووسینی ژانری ڕۆماندا هەنگاوی ناوەو توانیویەتی کەلێنێکی دیاری گەشەنەکردنی ڕۆمانی کوردی پڕ بکاتەوە، چونکە بە نووسینی ئەو ڕۆمانانەی توانیویەتی ئاستی ڕۆمانی کوردی گەشە پێ بدات و؛ واقیعی کۆمەڵگای کوردیمان نیشانبدات و وێنەی کۆمەڵگای کوردیمان بۆ بگرێت، ((ڕۆمانیش بەو پێیەی بریتییە لە ژیاننامەو ڕووداو، بەزەرورەت وێنەی واقیعی کۆمەڵگا دەکێشێ، کە تەنیا ڕەگەزێکە و ماناکەی تەواو ناگەیەنێ تەنیا سەبارەت بە کۆمەڵگا نەبێ، بۆیە هەر لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی ڕۆمان خۆی لە خۆیدا پێشبینیکردنی ئەو وەهمە مارکسیە مەزندەکراوەیە، یا ئەو وەهمە وەزعیەیە، کە کاریگە-ڕەنگدانەوەیەو، دوا کرۆکی سۆسیۆلۆژی ئەم لێکۆڵینەوەیەش کە پێی بگات ئەوەیە کە زۆر یا کەم گونجاندنی دەستپاکانەی کاری ڕۆمانسییە بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی)) (سارۆت، ٢٠٠٨: ١٠٥).
ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕۆمان لە بنچینەدا وابەستەی کۆمەڵگەو کێشە کۆمەڵایەتییەکانە، بە بەراورد بە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب توانای زیاتر گوزارشتکردنی هەیە لە مەودا و پرەنسیپەکانی کۆمەڵگە، (( ڕۆمان لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە، لە چاو هونەرەکانی دیکە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆتر لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگری، لەگەڵ ئەوەدا ڕۆمان زیاتر بە کاتە تایبەتەکانی مێژووی کۆمەڵایەتیەوە بەستراوەتەوە)) (زراڤا، ٢٠٠٦: ٧٦)، بەڵام سروشتی ڕۆمان هەر لە بنەڕەتی خۆیەوە جیاوازتر لە سروشتی مێژوو خۆی نواندووە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەگەر جیاوازی سەرەکیی ڕۆمان لەگەڵ مێژوو ئەوە بێت کە مێژوو بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و تاوتوێکردنیان لە چوار چێوەی باوەڕەکانی مێژوونوسیدا، ئەوا ((ڕۆمان بریتییە لە شۆڕبوونەوە بە ناخی کەسێتییەکانداو گرینگیدان بە دیوی ناوەوەیان)) (ئەحمەد زادە، ٢٠١٢: ٤٦). واتا: ڕۆمان ویستوویەتی لە گۆشە نیگای کەسێتییەکانەوە وێنەی قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکانی مێژوومان بۆ بگرێتەوە.

حەسەنیانی لە هەر سێ ڕۆمانەکەیدا ڕۆڵێکی دیاری بە کەسایەتییەکانی داوە هەوڵی داوە وەک کاراکتەر و کەسایەتی واقیعی وێنەیان بکێشێت و تایبەتمەندی پاڵەوانی ڕۆمانی ڕیالیزمیان پێ ببەخشێت، ((پاڵەوانی ڕۆمانی ڕیالیزمی سۆشیالیستی زیاتر کردەوەی باش و نموونەیی دەنوێنێ، چونکە پاڵەوانەکەو نووسەرەکە پابەندی جۆرە بیرو باوەڕێکن زیاتر بۆ گۆڕینی

بارودۆخی کۆمەڵ بەرەو کۆمەڵێکی سۆشیالیزمی هەوڵدەدەن)) (گەرمیانی، ١٩٩٦: ٥٤). لە هەندێک لە ڕووداوەکانیشدا بە وێنەی کەسایەتی و پاڵەوانی نێو داستان و ئەفسانەکان وەک کاراکتەری نموونەیی و ئەفسانەیی نیشانیان بدات.

لە ڕۆمانەکانی حەسنیانیدا و لە هەرسێ ڕۆمانەکەیدا (بزەی ژیان، کارمامز، دەروێش) لە پاڵ دیارخستنی ڕۆڵی شاکەس و کەسێتییە سەرەکییەکاندا، ڕۆڵێکی دیارو بەرچاو بە کەسێتی و کاراکتەری ژن دراوە. بە تێڕامان لە هەموو ئەو کاراکتەرە ژنانەی کە لە نێو ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانانەدا ڕۆڵ دەگێڕن درک بەوە دەکرێت کە ڕۆڵی هەریەکێکیان وەک کاراکتەرێکی چالاک وێنەگیراوە، هەریەکێکیان بە شێوەو جۆرێکی تایبەتی خاوەن تایبەتمەندی و تواندنی چالاکی خۆیەتی بۆ دیارخستنی ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێت لە دەرەوەی سنووری ماڵ و خێزاندا، چونکە((ئەرکی ژنی کورد لە کۆمەڵی کوردەواریدا تەنها لە چوارچێوەی ناوماڵدا دەرناکەوێ و شانبەشانی باوک و برا و مێرد هاوکاری دەست و بازووە)) (سەعید، ٢٠١٠: ٣٠). بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە دابەشبوونی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە نێوان ژن و پیاودا نەک شتێکی جەوهەری و سروشتی بگرە سازکراوێکی کۆمەلایەتییە. ڕۆماننووسیش ویستوویەتی ئەو پێگەو ڕۆڵە دیار و جیاکراوەی کاراکتەری ژن لەگەڵ کاراکتەری پیاو بە شێوەی جیاواز وێنە بکێشێت.

ڕۆمانەکانی حەسنیانی خاوەن تایبەتمەندی تەواوی ڕیالیزمین بە جۆرێک کە خوێنەر لە خوێندنەوەدا هەر زوو درک بەوە دەکات کە گێڕەرەوەی ئەو ڕۆمانانە بارودۆخێکی واقیعی دەگێڕنەوە، هەرچەندە وەک دەزانین ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان دروستکراوی خەیاڵی ڕۆماننووسن، بەڵام وەک ڕوونیشە زۆرجار ڕۆماننووس دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو جیهانە خەیاڵیەی خۆیەوە باس لە بارودۆخێکی واقیعی بکات. لە وەها بارودۆخێکدا ئەو جۆرە ڕۆمانە بە ڕۆمانی ڕیالیزمی ناودەبرێن، شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوو وێنەگرتنی کاراکتەرەکان و کەش و هەواو شوێن و کاتی ڕووداوەکان بە جۆرێک دروست دەکرێن کە خوێنەر هەست بە بوونیان دەکات و هەموو ئەو ئەرکانەش دەکەوێتە ئەستۆی کاراکتەرەوە، چونکە ((کەسێتی (کاراکتەر) یەکێکە لە پێکهاتە هونەرییە گرنگەکانی دەق و بەهۆی چەند ڕێگەیەکی جوداوە دەردەکەوێت و دەبێتە داینەمۆی بەڕێوەچوونی دەق)) (سیامەند

هــادی: ٢٠٠٣: ١٠٨) هەر لێــرەوەش پــێگەو مەكــانەتی خــودی كــاراكتەر دیاردەكەوێت و جا چ وەك كەسێكی كاریگەرو چ وەك كەسێكی كارتێكراو.
لە نێــو ڕۆمانەكــانی حەســـەنیانیدا بە لەبەرچــاوگرتنی ئەو بــارودۆخەی كە ڕۆمانی كوردی تێدا لە دایك بووە لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا، ئاماژەكردن بە هەمــوو ئەو بەربەســتانەی بــوونەتە هۆكــاری درەنــگ ســەرهەڵدانی ڕۆمــانی كوردی و دواتریش دیارخستنی ئەو فاكتەرانەی كە ڕۆڵیان هەبووە لە درەنگ گەشــەكردنی ڕۆمــانی كــوردی لەو بەشــەدا، بەڵام (ڕۆمــاننووس) توانیــویەتی بەشێوەیەكی ریالیزمی سادەو ساكار پێگەو ڕۆڵی كاراكتەری ژن وێنەبگرێت و وەك نووســەرێكی ڕوونــاكبیر لە ئاسـت كێشــەو گیروگـرفتە كـۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەكانی ژن هەڵوەستە بكات و، وەك پارێزەرێكی مافەكانی ژن لە خەمــی بەرگریكــردن لە ژنــدا بێــت. بــۆ دیارخســتنی ئەو پــێگەو ڕۆڵە كــاریگەرەش كە ژن هەیەتــی لە كــۆمەڵگەو لە كــایە جیاوازەكــانی ژیانــدا، ڕۆمــاننووس لە ســەرەتاترین دیاریكردنەكانیــدا پــێگەو ڕۆڵــی ژنــی لە بــواری ڕۆشنبیری و وەك كاراكتەری ڕۆشنبیر دیاری كردووەو ئەو ڕۆشنبیریەشی كــردووە بە بنچیــنەی ئەو ڕۆڵە خەبــاتگێڕییەی كە ژن لە نێــو ڕۆمانەكانیــدا دەیگێڕێ و تەنانەت لە هەندێ دیمەن و گێڕانەوەی جیاوازیشدا سروشتێكی ئەفسانەیشی بەو كاراكتەرە ژنانە داوە. لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا پــێگەو ڕۆڵــی كــاریگەری كــاراكتەرە ژنەكــان لە هەرســێ ڕۆمــانەكەدا بە شێوازێكی پراكتیكی و بە پشت بەستن بە هەندێ دیمەنی هەڵهێنجراوی نێو ڕۆمانەكان دیاری كراوە لە بوارە جیاوازەكانی جیهانی ڕۆمانەكاندا.

## بەشی دووەم
## ڕۆڵی كاراكتەری ژن لە ڕۆمانەكاندا

### تەوەری یەكەم: ژنە كاراكتەری ڕۆشنبیر:

### ١- كاراكتەری ڕۆشنبیر بەرانبەر زانست و هونەر

ئەو جۆرە كـاراكتەرە جـۆرە كـاراكتەرێكە كە جیهانبینی و تێڕامانی لە نێو ڕووداوەكــانی ڕۆمانــدا جیــاوازەو لە لای خــوێنەر و بە جــۆرێكی جیــاوازتر لەكاراكتەرەكـــانی دیـــكە دەردەكەوێـــت و پێگەكەشـــی لە نێـــو ڕووداوو كەســێتییەكانی دیــكە جیــاوازترە. لە نێــو ڕۆمانەكــانی حەســەنیانیدا كۆمەڵێــك

كاراكتەری ژن دەبینین كە وەک كاراكتەرێكی ڕۆشنبیر پێگەیان هەیەو ڕۆڵی كاراكتەرێكی وریا و زیندوو دەگێڕن، ئەگەرچی لە نێو واقیعێكدا وێنە گیراون كە هێشتا جۆرێک لە داخراوی و كۆت و بەندی پێوە دیارە و هێشتا وابەستەی كۆمەڵێک دیاردە و داب و نەریتی كۆمەڵگەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس هەوڵیداوە هەندێک لە كاراكتەرە ژنەكان وەک كاراكتەری ڕۆشنبیر وێنەبكێشێت و پێگەو ڕۆڵیان بە شێوەیەک وێنە بگرێت، كە لە ئەنجامی هەندێک هۆكاری تایبەتی وەک پاڵنەری ئایدیۆلۆژی و زانستی، تێڕامان و بیركردنەوە لە جیاوازی چینایەتی، بەگژداچوونەوەی هەندێک لە داب و نەریتەكانی ژیان سروشتی بیركردنەوەیان بگۆڕێت و وەک كاراكتەرێكی ڕۆشنبیر دەربكەون.

لە ڕۆمانی كارمامزدا ئەگەرچی (وریا) كاراكتەری سەرەكی نێو ڕووداوەكانی ڕۆمانەكەیە، بەڵام هاوشانی وریا (مامز) وەک كاراكتەرێكی دیاری نێو ڕووداوەكان ڕۆڵێكی كاریگەری پێدراوە، بە جۆرێک كە زیاتر وەک كەسێكی سەنتراڵی دیاردەكەوێت و، ڕووداوە لاوەكیەكان و ڕووداوی سەرەكی نێو ڕۆمانەكەش لە دەوری ئەو هەڵدەسووڕێن. بە تایبەتیش دوای ئەوەی كە پێوەندی ئەڤینی لەگەڵ وریا دەبەستێ ئیتر ئەو پێوەندییە سنووری پێوەندی ئەڤینی دەبەزێنێ و زیاتر بەرەو پێوەندییەكی فیكری و ئایدیۆلۆژی و نەتەوەیی دەڕوات و سەرئەنجام مامز دەكەن بە كاراكتەرێكی ڕۆشنبیر، چونكە گوڕانكارییەكی بنچینەیی و هزریی بەرچاو لە تێڕوانین و دونیابینیی مامزدا ڕوودەدات كە وای لێدەكەن زیاتر وەک كاراكتەرێكی ڕۆشنبیر پێگەی لە نێو ڕووداوەكانی ڕۆمانەكەدا دیار بكەوێت.

((وریا لە ماوەی ئاشنایی لەگەڵ مامزدا توانیبووی ڕوونی بكاتەوە و زۆر شتی فێر بكا. مامز ئیدی كیژێكی چاو و گوێ بەستراوی لادێیی دوورە شار نەبوو. دەیزانی كوردە. دەیزانی گەلە چەوساوەكەی لە حاڵی رابوون و ڕاپەڕین دایە. دەیزانی مافی گەلەكەی چییە؟ دەیزانی لە كۆمەڵی كوردەواری دا چ ستەمێک لە ژنان دەكرێ. دەیزانی ڕێگای چینی زەحمەتكێش و كرێكار و جووتیار لە ڕێگای دەوڵەمەند و چەوسێنەر جیایە و زۆر شتی دیكە فێر ببوو. ئەوەبوو كە وریا نەیدەتوانی بەسووک و سانایی چاوی لێ بپۆشێ و جێی بهێڵێ. مامزێكی بۆ خۆی پەروەردە كردبوو و پڕ بەدڵ و گیانی خۆشیدەویست و ئۆگری ببوو. مامزێک لەو دنیا بەربەرینە دا تەنیا وریای

شک دەبرد و هیچی دی))(حەسـەنیانی، ١٩٩٩: ١٤). ڕۆمـاننووس ڕۆشـنبیریی مـامز دەبەسـتێتەوە بەو جیهـانبینییە سیاسـی و تێڕامـانە ڕەوشـتییەی، کە لە بارەی مافە زەوتکراوەکانی خۆی و تاکەکانی کۆمەڵگەکەیدا هەوڵی بۆدەدات، (( ڕۆشـنبیری ئەو سـەدەیە زیـاتر خەریکـی تێڕامـانە لە دۆخـی ئینسـانی، ئەو وێنەیەی رۆماننووسـی ئەو سـەدەیە سـەبارەت بە ڕۆشـنبیر کێشـایان، وێنەی کـــاراکتەرێکە هەمیشـــە ســـازش و فریـــودان رەتـــدەکاتەوە، کـــاراکتەرێکە بەشێوەیەک خـاوەنی ئەخلاقیـاتێکی بەرزە کە شـایانی ئەوەیە ببێتە زمانحـاڵی ڕۆماننووس)) (یونس، ١٩٩٩: ٤٧).

لە ڕۆمـانی بزەی ژیانیشـدا کـاراکتەری سـەرەکی نێـو ڕووداوەکـانی ڕۆمـانەکە (ژوان) کـاراکتەرێکە هەر لە سـەردەمی منداڵییەوە شـەیدای گەڕان و تێڕامـانە بەدوای زانست وزانیاریدا، بەجۆرێک ئەو ئاستی شەیدا بوونەی بۆ تێگەیشتن لە زانسـت لە چوارچێـوەو گۆشـە نیگـایەکی فەلسـەفیدا کـورت دەبێـتەوەو، دەیەوێت لەو ڕوانگەیەوە لە مێژووی ژیـان و بەسـەرهاتەکانی ژیانی خـۆی و چەند کەسێکی دیکەی دەوروبەری تێبگات. ئەم تێڕوانینەش بـۆ ژیـان وا لەو کاراکتەرە دەکات مرۆڤێکی لێ دەرچێت کە، بەردەوام لە تێکۆشـان دابێت بـۆ تێگەیشتن لەو بیروبۆچوون و فەلسەفەی کە خۆی بڕوای پێیەتی کە بیروڕای ژیانەوەیە، ((مامۆستاکەمان زۆر لەسەر بیرو ڕای "ژیانەوە" ڕۆیی. قسـەکانیم زۆر پێ خـۆش بـوون و لە دڵـم دەنیشـتن، لە دوای ئەو ڕۆژەوە هەر بیرم لە ژیانەوە دەکردەوە، لە خـۆم دەپرسی، ئاخـۆ مـن کـێ بـووم؟، چ ژیـانێکم بـووە؟ بیـری ژیـانەوە ئـاوێتەی ژیـانم ببـوو، دەتگـوت شـتێکی بەنـرخم دۆزیـوەتەوە، بەهیـچ چەشـنێک لەخـۆم دوور نەدەخسـتەوە. لەگەڵ ئەوەش چەند پرسیاری بـــێ وەڵام، کە لە کـــاتی منـــداڵییەوە لەگەڵـــم بـــوون، ئازاریـــان دەدام)) (حەسـەنیانی، ٢٠٠٧: ١٢). دەبینین کـاراکتەری سـەرەکی خەریکـی تێڕامـانە لە حەقیقەتێکـی گەورەی وەک تێگەیشـتن لە وجـودی ئینسـان، ((ڕۆشـنبیر لە ڕۆمانی ئەم سەدەیەدا خەریکی رامـان بـووە لە پرسـیارەکانی وجود زیـاتر لە سەرکێشـــیەکانی دەرەوەی خـــۆی، چـــونکە ئەم رۆشـــنبیرە نـــوێیە بە دوای حەقـــیقەتە گەورەکانـــدا دەگەڕێـــت)) (یـــونس، ١٩٩٩: ٣٨). هەر لە نێـــو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانەدا کاراکتەرێکی وەک (گزینگ) پێگەیەکـی ڕۆشـنبیری لە بـارەی هـونەرو چـڕین و میـوزیکەوە پێـدراوە و لە لایەن کارکتەرەکـانی دەوروبەریـیەوە هانـدەدرێت بـۆ تەواوکردنـی بەشـی تـایبەت بە هـونەر و

میوزیک بۆ گەشەپێدانی ئەو ڕۆشنبیرییە هونەرییەی کە هەیەتی، ((گزینگ گیان، هونەر نابێ بشاردرێتەوە))(حەسەنیانی، ٢٠٠٧: ٥١).
لە نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانی دەروێشدا بگێڕەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە کە خودی کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە (دەروێش وەفا)یە، لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆیدا و لە باسکردن و وەسفکردن و بەراوردکردنی کاراکتەرەکاندا ئاماژە بەو ئاستی ڕۆشنبیرییە ئینسانییە دەکات کە پەریزاد جیادەکاتەوە لە خەڵکی دیکەو خودی خێزانەکەی خۆشی، ((کچەکەشیان ناوی پەریزاد بوو کە پێیان دەگووت پەری. لاوەو کاوە بەتەمەن گەورەتر بوون منیان کردبووە ژێر چەپۆکی خۆیان. مامم لە دڵڕەقی و بێ بەزەییدا تای نەبوو. ئامۆژنیشم هەر دەیزانی لەسەر نۆکەر و قەرەواشان فەرمان بدا. بەڵام پەری وەک ئەوان نەدەچوو، مەندو لەسەرەخۆ بوو)) (حەسەنیانی، ٢٠٠٠: ٧). تەنانەت هەر ئەو هەستکردنە بە ستەم و چینایەتی وا لە پەریزاد دەکات کە نەچێتە ژێر باری ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن باوکی و خانەوادەکەیەوە بەسەریدا دەسەپێنرێت و دەیەوێت دواجار خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، ((ئەگەر بمێنم هی وەفام ئەگەر مردیشم هی گڵم)) (حەسەنیانی، ٢٠٠٠: ٣٠) لە قسەکانی بگێڕەوەی ڕۆمانەکەدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە پەریزاد ڕۆشنبیرییەکی ئینسانی و مرۆڤدۆستانەی هەیەو، لە ناخی خۆیدا جیاواز لە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی دەردەکەوێت ئەم ڕۆشنبیریە مرۆڤانەییەش لە ئاستی دەربڕین و گوتاری ئەودا ڕەنگدەدەنەوە، ئەگەرچی ئەمەش دەریدەخات ڕۆشنبیری ئەو کاراکتەرە زیاتر ڕۆشنبیرییەکی مرۆڤانەیە.

**٢- کاراکتەری ڕۆشنبیر بەرانبەر داب و نەریت و کلتوور.**

لە نێو ڕۆمانەکانی حەسەنیانیدا هەندێک لە کاراکتەرە ژنەکان بە جۆرێک وێناکراون کە ڕۆڵێکی ڕۆشنبیرییان پێدراوە لە بەرانبەر هەندێک ڕەوشتی کۆمەڵگە و، لە تێڕوانین و ئاستی ڕۆناکبیریانەوە تیدەگەین کە ئەو کاراکتەرانە هەندێ لەو داب و نەریتانەی کۆمەڵگە ڕەتدەکەنەوە، کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیان هەیە و بە ڕەوشتی دزێو و ناپەسەندی دەزانن، ((ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ئەو ڕەهەندەیە دەیەوێت لایەن و سیمای کۆمەڵایەتی و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە بخاتەڕوو، کە لە ئەنجامی ڕووداوەکانەوە

دروستبوون)) (رەئوف، ٢٠١٢: ٢٨٨). ڕۆمانیش ژانرێکی تەواو گونجاو و بەرفراوانە بۆ وێنەگرتنی کۆمەڵگەو داب و نەریتەکان، (( ڕۆمان چیرۆکێکی پەخشان ئامێزە کە چارەسەری ڕووداوێکی خەیاڵی دەکات و وێنەی ڕەوشتی کۆمەڵگەو داب و نەریتەکانی دەگرێت و چارەسەری هەستە خەیاڵی و ئینسانییەکانی دەکات)) (بگرس، ٢٠٠٥: ١٦٠).

لە نێو ڕووداوەکانی هەرسێ ڕۆماندا هەندێ لە کاراکتەرەکان ڕۆڵ و پێگەیان لەوەدا بەرجەستە بووە کە پێگەی هزری و ڕۆشنبیریان لە بەرانبەر هەندێ لەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتیانە خراوەتەڕوو بەجۆرێک کە بەگژ هەندێ لەو داب و نەریتە دزێو و نەشیاوانەدا دەچنەوە کە لە کۆمەڵگەی کوردی و قۆناغە جیاوازەکانی ڕەوتی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەی کوردی بەخۆیانەوە دیوە.

لە ڕۆمانی کارمامزدا مامز و تارا دوای ئەوەی لە نیازو مەبەستی کوێخا ئەمەر و حەمە دەم پەل تێدەگەن کە بە نیازن بێ ویستی خۆیان ژن بە ژنەیان پێ بکەن، بەڵام هەر زوو بڕیاری ڕەتکردنەوەو بەگژداچوونەوەی ئەو کەلتوورە دەدەن، وەک دوو کچی ڕۆشنبیر دژ بەو کەلتوورە دەوەستنەوە، ((چونکە ژن بە ژن کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، زادەی قۆناغی فیوداڵییە لەگەڵ ئاوابوونی خۆری ئەو قۆناغەدا، هێدی هێدی هەموو ئەو دیاردەو نەریتانەشی سەر بەو قۆناغەن و ڕەنگدانەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فیوداڵین، لەنێو چوون)) (حەسەن، ٢٠٠٥: ١٢٢).

((تارا پرسی: بڵێی بۆ کوێ چووبن؟

- نازانم. بەڵام زۆر نیگەرانی وریام بۆخۆت دەزانی باوکم و کاکت دەیانەوێ ژن بە ژنەمان پێبکەن. ڕەنگە پێیان وابێ وریا بەرهەڵستیانە.

- توخوا باسی کاکم مەکە! بریا خەبەری مەگیان بۆ هێنا بام. تۆ نازانی چەند بەدفەڕ و پیاو کوژە.

- " کورتێ و کەژێ لێک دەهەژێ". لەگەڵ باوکم باش ڕێککەوتوون.

- لەماڵدا زۆریان پێکەوە قسە کرد. بەر لەوەی (کوێخا ئەمەر) و (حەمە دەم پەل) بگەڕێنەوە قەراریان دانا بە کوشتنیشیان تەواو بێ مل بە ژن بە ژنە نەدەن)) (حەسەنیانی، ١٩٩٩: ٣٩).

لە ڕۆمانی دەروێشیشدا پەری وەک کچێکی وریا و زرنگ دژ بەو کلتوورە دەوەستێتەوە کە زۆر جار لە بەرانبەر خوێنی کەسێک کچێک وەک تۆڵە

دەدریێت بە خاوەن خوێن، بۆیە بڕیار دەدات لەگەڵ ئامۆزاکەیدا ئەو شوێنە جی بهێڵن و دژ بەو کەلتوورەی کۆمەڵگەی کوردی بوەستێتەوە ((زۆر جار کاراکتەر دژ بە کۆمەڵگەکەی دەوەستێتەوە)) (ازوگ، ١٩٨٩: ٧٢).
- برایم ئاغا گوتبووی:
ئێستاش دەبێ میناغا کچەکەی بە بەرخوێن بدا بە مەنافی برازام و سێ دانگی بەرزۆکیش بەسەرخوێن بدا بەمن.
دەروێش وەفا چایەکەی خواردەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:
- ئیدی هێزی ئەژنۆم شکا. دەمزانی برایماغا قسەی یەکەو نابێ بە دوو. پەری و سێ دانگی ئاوایی دەوێ و هیچیشی لەگەڵ ناکرێ.
هاتمەدەر. ماوەیەک وەک شێتان خولامەوە. ئاخری بەرەو ماڵ بوومەوە و پەری بە چاوی پڕ لە فرمێسک بەرەو پیرم هات و گوتی:
- دەزانی چ قەوماوە؟ برایماغا...
قسەکەی تەواو نەکرد و لە هۆقەی گریانی دا. وادیار بوو ئەویش زانیبووی. گوتم:
مەگری. ئێرە جێی گریان نیە. هەر ئەمشەو دەڕۆین.
بەقسەی من پەری ئارام بۆوە و گوتی:
زۆر باشە. بەڵام چۆن بڕۆین؟!.)) (حەسەنیانی، ٢٠٠٠: ٢٤).
لە ڕۆمانی بزەی ژیانیشدا کاراکتەری سەرەکی ژوان و چەند کارەکتەرێکی لاوەکی دیکەی نێو ڕۆمانەکە، ڕۆڵی کاراکتەری ڕۆشنبیر دەبینن لە بەرانبەر ئەو پێشهات و ڕووداوانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە وامەزەندە دەکات، کە ((پێویستە ڕۆشنبیر ئیلتیزامی هەبێت بەرانبەر بەو ئایدیاو پرەنسیپانەی کە باوەڕی پێیان هەیە)) (سەعید، ٢٠١٣: ٢١٨). بە واتایەکی دیکە بۆچوونی وایە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە هیواو ئاواتەکانی خۆی و خۆشبەختی تاکەکانی کۆمەڵەکەی دەبێ لە تێکۆشانێکی بەردەوام دابێ، بەو واتایەی(( ڕۆشنبیر بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕۆڵی پارێزەرێکی نافەرمی شۆڕشگێر دەبینێت بۆبەرگریکردن لە گشت ماف و ئازادییەکان)) (محەمەد، ٢٠١٠: ١٦٣). وەک چۆن دەیبینین کە لە سەر زمانی ژوان دا هاتووە کاتێک دەڵێت: (( ئەمن پێموایە نە تۆ تاوانباری نە باوکم. داب و نەریتی کوردەوارییە لە لایەک و جیاوازی چینایەتی لە لایەکی دی ئەو کارەساتەی بەسەر هێناون)) (حەسەنیانی، ٢٠٠٧: ١٠٢).

هەمـوو ئەو دەربڕینـانە لەمەوە سـەرچاوە دەگـرن كە دەكـرێ لە ڕێـگەی ڕۆمانەوە پەی بە زۆر دیاردەببرێت كە لە ڕابردووی كۆمەڵگەی كوردەواریدا ببـوونە ڕێگـر لە بەردەم پێشـكەوتنەكانی تـاكی كـوردو، ڕۆماننووسـیش بە هەستكردن بەو بەر پرسیارێتییە درکی بەوە کردووە، کە (( ڕۆمان ژیانە بە هەمـوو ئەو تـاڵی و خەون و خواسـت و ئـارەزووی گـۆڕانەوە كە تیـایەتی،.. ناخی مرۆڤ دەبزوێنێ و هێزی دەجوڵێنێ و هانیدەدا كە شتێک بكا بۆ ئەوەی ژیان باشتر بێت و ئەركی سەرەكیشی گۆڕینی مرۆڤە نەک واقیع)) (مونیف، ٢٠٠٦: ٩٩).

**تەوەری دووەم: كاراكتەری خەباتگێڕ:**

**١ـ كاراكتەری خەباتگێر دژ بە سیستەمی سیاسی**

ئەگەرچـی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەركـی خەبـاتگێڕی لە ئەسـتۆی پیـاودا بووە، بەڵام زۆر جاریش ژن توانیویەتی هاوشانی پیاو هەنگاو بنێت و پێگەو ڕۆڵی خۆی لە هەندی لە كایەكانی ژیاندا بەرجەستە بكات و ناسنامەی خەبات و بەرەنگاری هەڵگرێت و لە بـزووتنەوەو شۆڕشـەكاندا بەشـدار بێت و وەک كـاراكتەرێكی خەبـاتگێڕ دەركەوێـت ((ئافرەتـان و ژنـان لە بـزووتنەوەی ڕزگاریخوازیـدا ڕۆڵێكی كاریگەرییـان هەبـوو. ئەم ڕۆڵەی ئـافرەت لە خەباتـدا بووە هۆی ئەوەی لە لایەک هاوشانی پیاو لە پێناو نەمانی داگیركردن و زوڵـم و زۆرداریدا بەشـداری شـۆڕش بكات. لە لایەكی تر بـۆ سـەلماندنی بـوونی و زاڵبـوونی بەسـەر ئەو سیسـتەمە كـۆمەڵایەتییەی كە ئەمـی كـردۆتە پـلە دوو)) (محەمەد، ٢٠٠٤: ١٣٢).

كـاراكتەری خەبـاتگێڕ لە نێـۆ ڕۆمانـدا ئەو كـاراكتەرانەن كە دژ بە سـتەم و چەوسانەوە دەوەستنەوەو لە بەگژداچوونەوەی ستەمدا ڕۆڵێكی دیار دەگێڕن، (( مرۆڤـی ستەم دیدە لە پێش هەمـوو شتێكدا سـەرقاڵی ئەوەیە ئەو سـتەمە لەسەر خۆی لابدات)) (مونیف، ٢٠٠٦: ٩٢). ئەم جۆرە كاراكتەرە مەرج نییە هەر لە سـەرەتاوە نیشـانەكانی خەبـاتگێڕی و بەرەنگاربوونەوەیـان تێـدا بەرجەستە بێت، بەڵكو زۆرجار لە ئەنجامی كاریگەری شاكەس و كاراكتەری دیـكەوە گـۆڕانێكی ڕیشـەیی لە هەڵسـوكەوتی ئەو كەسـێتییانە ڕوودەدات، ئەمەش لە ڕێـگەی چـۆنیەتی خولقانـدنەوە دەبێـت، ((بەڵام نووسـەر كەسـە مرۆییە ناداڵەكانی ناخـاتە نێو وێنەگرتنێكی فۆتـۆگرافی، بەڵكو بە مەبەستەوە

دالی خۆی لێ هەڵدەبژێرێ، ئینجا دەست بە پرۆسەی بەرجەستەکردنی دەکات وەک بەرجەستەکردنێکی هونەری بەشێوەک کە ببێتە کەسایەتییەکی نێو رۆمانی خودان قووڵییەکی هزری و هونەری پێگەیشتوو. لێرەوە بایەخی کەسایەتیی ڕۆمانمان بۆ بەدیار دەکەوێ لە بابەت کەشفکردنی ماهیەتی قەوارەی مرۆیی و هۆکاری درکپێکردنی ڕاستی بوونی و بەردەوامی و پێوەندییەکانی و خواستەکانی و هەڵهێنجانی ئامانج لە کێشمەکێشەکانی و شۆرش و بەرەنگاربوونەوەکانی)) (عەبدوڵلا، ٢٠٠٢: ١٤).

لە ڕۆمانی کارمامزدا دوای ئەوەی وریا وەک کاراکتەرێکی سیاسی خەباتگێر دەردەکەوێت و لە پێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکان خەبات دەکات و لەگەڵ دەستەیەک لە گەنج و لاوی هۆشیار کە لە شارەوە بۆ ئەنجامدانی چەند چالاکییەک بەرەو لادی دێن، دوا بەدوای جێ بەجێکردنی بەشێکی زۆری ئەو چالاکیانە دوا چالاکیان لەو قۆناغەدا بریتی دەبێت لە کوشتنی دوو لە پیاوە خراپەکانی ڕژێم کە ئەوانیش (کوێخا ئەمەر و حەمە دەم پەل)ن. لە تۆڵەی ئەو خراپەکاریانەی کە بەرانبەر بە شۆڕشگێڕانی کورد ئەنجامی دەدەن و، لە لایەکی دیکەشەوە بە ئامانجی ڕزگارکردنی مامزو تارایە لە دەستی ئەو دوو پیاوە. دوای بەسزاگەیاندنی ئەو دووانەش، مامزو تارا بەرەو مەنزڵگەی خەبات و تێکۆشان دەبەن و ژیانێکی نوێیان پێ دەبەخشن. بۆیە دەبینین هەر لەگەڵ گەیشتنیان بەو ئەشکەوتەی وەک حەشارگەیەکی نهێنی بەکاری دێنن بۆ حەوانەوەی خۆیان، مامزو تارا بڕیاڕی ئەوە دەدەن کە وەک دوو پێشمەرگە هاوشانی وریاو هاوڕێکانی بەردەوامی بە ژیانی خۆیان بدەن و خەبات بکەن. مامز وەک کاراکتەرێکی سەرەکی بڕیاری ئەوە دەدات کە لەگەڵ وریا ببن بە هاوژینی یەکترو تاراش بە هەمان شێوە لەیەکەم چرکە ساتی بینینی دیاکۆ وە بڕیاری پێکەوە ژیان دەدەن، ((ئافرەت لە زۆربەی چیرۆکەکاندا، شەڕڤانێکە کە بە جلی پیاوانەوە دەچێتە مەیدانی شەڕو هەموو شەڕڤانانی تر دەبەزێنێت و سەرئەنجام قارەمانی چیرۆک-کە پیاوە- بەسەریدا زاڵ دەبێت و لەو کاتەدا ئەو لەگەڵ قارەمان دەکەوێت و لە هێندێک لە چیرۆکەکاندا شووی پێ دەکات)) (فەلاح، ٢٠١٢: ٤٢٤).

((-ئێوەش لەمڕۆکەوە ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەن. خوشکە مامز بە ئاواتی خۆی گەیشت و پێمـوایە لەمەولا لای ئێمە دەبێتە پێشمەرگە. بەڵام ئەتۆ

خوشکه تارا چۆنت پێخۆشه ئازادی، دەچییه هەرکوێیەک بەڕێتدەکەین. ئەگەر لەگەڵ ئێمەش دەمێنیتەوە زۆرمان پێخۆشە. تارا گوتی:
-لە ڕابردوودا مامز زۆر شتی تێگەیاندووم. دەزانم ئێوە چ ڕێگایەکی گەورەو گرینگتان لە پێش گرتووە. دەزانم چ ئامانجێکی پیرۆزتان هەیە. زۆرم پێخۆشە ئەمنیش لە لای ئێوە بمێنمەوەو ببمە پێشمەرگە و خەبات بکەم)) (حەسەنیانی، ١٩٩٩: ١٠٤).
لە ڕۆمانی بزەی ژیانیشدا ئەگەرچی کەم لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی دەدوێ، بەڵام لە هەندێ لەو دیمەنانەی کە کاراکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکە بەهۆی (کردەی هیپنۆتیزم)ەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی خۆی لەگەڵ چەند کاراکتەرێکی دیکەی ژن دژ بەو چینە ستەمکارە دەوەستنەوە کە ئافرەت وەک کۆیلە سەیر دەکەن و تەنها بۆ مەبەست و ئارەزووی ڕەگەزی لێیان دەڕوانن.
((- شاشان گیان بۆ وا داماو دانیشتووی؟.
- جا بڵێم چی خەیاڵ گیان! بیر لە چارەڕەشی خۆم دەکەمەوە، تا دەژیم دەبێ لەم زیندانەدا بم، ناتوانم پێ بنێمەدەر، ئەوە پێنج مانگیشە شازادە لێم تێر بووە، هیچ ئومێدێکم نییە، دەبێ هەر لە ئێستاوە چاوەڕێ مردن بم.
- پێت خۆشە لێرە ڕزگاریت بێ؟.
- جا ئەمە قسەیە؟! پێم خۆشە ساڵێک بە ئازادی بژیم جا با بمرم.
- ئەگەر دەرەتانێک بێتە پێش دێی پێکەوە هەڵێین؟)) (حەسەنیانی، ٢٠٠٧: ١١٥).
لە ڕۆمانی دەروێشیشدا خەباتگێڕی کاراکتەری سەرەکی و چەند کارکتەرێکی دیکە دەبینرێن کە دژ بە سیستەمی دەرەبەگایەتی لە خەبات و تێکۆشاندان.

**٢ـ کاراکتەری خەباتگێڕ دژ بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی**

هەموو کۆمەڵگە و نەتەوەیەک هەندێ داب و نەریتی تایبەت بەخۆی هەیەو زۆر جار دەبن بەبەشێک لە ناسنامەی نەتەوەیی و کلتووری ئەو نەتەوەیە، ((نەریت ئەو کردارانە دەنوێنێ کە لە چوارچێوەی کۆمەڵدا دێنە ئاراوە)) (میراودەلی، ٢٠٠٧: ٧٨). داب و نەریتی هەر نەتەوەیەک سیفەت و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لە کلتووری هەر نەتەوەیەک دەشێ هەندێ لەو داب و نەریتانە خزمەتی دیارو بەرچاو بەنەتەوە بکات و هەندێکیشیان ڕەنگە داب و نەریتی زیانبەخش بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبن بە مۆرک و جێگەی

خۆیـان پـتەو دەکەن لە هـزری تاکەکانـدا و تـا ئەنـدازەیەکی زۆر پێیـانەوە پەیوەسـت دەبـن. زۆرجـاریش تاکەکـان لە پێنـاو پاراسـتنی ڕەسـەنایەتی و هەنـدێ پەرژەوەنـدی خـودی و کـۆمەڵایەتی بەرجەسـتەیان دەکـات و زۆر جـاریش هەنـدێ لە داب و نەریـت هەیە تـاک لێیـان یـاخی دەبێـت و دژیـان دەوەسـتێتەوە. لەبەر ئەوە ڕادەی پەیوەسـتی تاکەکـان بە داب و نەریـتەوە سروشتێکی ڕێژەیی هەیەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت.

لە نێو کۆمەڵگەی کوردیشـدا هەندێ داب و نەریتی کۆنی کوردەواری هەن کە ڕەگ و ڕیشـەیان بە مێـژوودا ڕۆچـووەو هەر لە دێـر زەمـانەوە تـاکی کوردیان پێوە گیرۆدە بووە هاوتەریب بە ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بەردەوام بوونەوەو لە زۆر سەردەم و قۆناغی جیاوازدا دووەبارە بوونەتەوە وەک: ژن بە ژنە و بەرخوێنی و ڕەدوکەوتن و...تاد. ڕۆمانیش بوارێکی فراوان بووە بۆ ڕەنگـدانەوەی ئەم دیـاردانەو لە ڕێـگەی پـێگەی کەسـێتییەکانەوە کە ڕۆڵـی سـەرەکی لە بەرەو پێش بردنـی ڕووداوەکـان دەبینن و تیشـک دەخەنە سـەر گیروگرفتەکانیان و ململانێی نێوان کەسێتییەکان، چونکە ڕووداوەکانی ڕۆمان ئەو کێشەو گیروگرفتانە وێنە دەگرێت کە ڕووبەڕووی کەسێتییەکانی ناو هەر دەقێک دەبنەوە و لە ڕێگەی ئەم ئاستەنگ و گرفتانەوە واقیع نیشاندەدەنەوە. ئەوەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (میشێل زراڤا) هاو واتـایە کە دەڵێت: ((ڕۆمـان لەگەڵ ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی هاوتەریبە)) (زراڤا، ٢٠٠٦: ٨٢).

لە نێو ڕۆمانەکانی حەسەنیانیدا، ئەو دیاردانەی کە لە ڕۆژگاری خۆیاندا یان لە قۆنـاغ و سـەردەمانێکدا کـۆمەڵگەی کوردیـان دووچـاری چەقبەسـتن و دواکەوتووی کردووە بە گرینگییەوە باسیان لێوە کراوە و دەتوانین بڵێین: کە پێگەو ڕۆڵـی کـاراکتەرە ژنەکـان لە بەرەنگـاربوونەوەو بەگژداچوونەوەی ئەو دیاردانە دەرخراون و ڕۆماننووس بە ئاگایی و وشیارییەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون و ویستوویەتی لەو ڕێگەیەوە ڕۆڵ و پێگەی ژن لە بەرانبەر ئەو دیـاردانە بخـاتەڕوو، ((خەبـاتگێڕی ڕۆشـنبیرو ڕاسـتەقینە وەک دەبـێ خاوەنی هۆش و بیرکردنەوەیەکی زانستیانە بێ و شـارەزاییەکی باشـی لایەنە جـۆر بەجۆرەکـانی ژیـان و مـرۆڤ بێ، ئـاواش دەبـێ لە جیهـانی عاشـقانەدا بەلەدی هەردوو دیـوەکەی بـێ، چـونکە گەلێـک جـار بـێ ئاگـایی و بـێ پەروەردەیی خۆشەویستی ئەوەی لـێ دەکا بە گرێ کوێرەیەکی دەروونـی و شـتەکان وەک خۆیـان نـابینێ)) (غالـب، ١٩٧٠: ١٨٢). لە ڕۆمـانی کامـامزدا

دوابەدوای ئەوەی کوێخـا ئەمەر و حەمە دەم پەل بـێ پـرس و ڕەزامەنـدی مـامزو تـارا بڕیـاری ژن بە ژن کـردن لە نێـوان ئەو دوانە دەدەن لە پێنـاو مەبەسـت و ئـارەزووی نـارەوای خۆیـان و دەیـانەوێ وەک نەریتێکـی کـۆنی کوردەواری ئەو دیاردەیە جێ بەجێ بکەن، ئیتر مامز و تارا هەر لە یەکەم چرکەسـاتەوە بڕیـاری وەسـتانەوە و بەگژداچـوونەوە و مـل نەدان دژ بەو نەریـتە کـۆنە دەدەن، تـا ئەوەی بڕیـاری کوشـتنی هەردووکیـان دەدەن، ((لە کۆمەڵی دواکەوتوو و ژێرچەپۆکەی کوردەواریدا لەو مامزانە یەکجار زۆرن. یەکیـان تـارایە. بـۆیە لەگەڵ مـامز بەڵێنیـان پێـک دابـوو کە لە یەکەم شـەوی گواسـتنەوەدا نەهـێڵن حەمە دەم پەل و کوێخـا ئەمەر، ئەو دوو دێـوەزمە خوێنڕێژە، بە ئامانج و ئاواتیان بگەن. سوێندیان خواردبوو کەلاکیان بخەن و وێکڕا سـەری خۆیـان هەڵگـرن و وەدوای چارەنووسـی نادیاریـان بـکەون)) (حەسـەنیانی، ١٩٩٩: ٧٧). ئەم پاراسـتنی نەریـتە لە ژیـنگەی ئەو گەل و نەتەوانەدا زیاتر ڕەگ دادەکوتێ کە هزری پیاوسالاری و پێوەربەندی تیایاندا زاڵەو هەمیشـەو بەردەوام لە هەوڵـی ئەوە دان، کە ژن لە ئاسـتێکی نزمتـر لە پیـاو دابنرێـت و هەڕەشـەی سـڕینەوەی ناسـنامەی بـوونی هەیە و هەوڵـی دامـاڵینی توانـا هـزری و رووحیەکـانی دەدرێـت، ((لەو کـۆمەڵگەیەدا کە ژن وەکو مرۆڤێکی پلە دوو سـەیر بکرێت و شـەرەفی پیاوان پابەنـد بـن بە ژێـر دەسـتی و سـەردانەواندنی ژن بـۆ کـۆدو بەهـا کـۆمەڵایەتییە باوەکـان، ئەوە عەقڵیەتی گشتی لەسـەر بنچینەی سـەرداری و پاراسـتنی بەرژەوەندی پیاوان پێکهـاتووە و کاردەکـات بـۆ دامـاڵینی ژن لەو هێـزو ئیـرادەو توانـایەی کە دەینوێنێ)) (بەگیخانی، ٢٠٠٧: ١٤).

لە ڕۆمـانی دەروێشـدا بە هەمـان شـێوە پەری وەک کـاراکتەری ژن دوای ئەوەی لە لایەن باوکییەوە بڕیار دەدرێت لە تۆڵەی ناموس بدرێت بە مەناف ئیتـر، بڕیـاری بەرەنگـار بـوونەوە ی ئەو نەریـتە و خـۆ ڕزگـار کـردن دەدات، ((پەری گوتبووشی: دڵنیا بێ دەستی مەنافم بەرناکەوێ ئەگەر پێویست بێ دەیکوژم و خـۆم ڕزگـار دەکەم)) (حەسـەنیانی، ٢٠٠٠: ٤٨). واتـا پەری وەک کـاراکتەرێکی ژن لە نێـو ڕووداوەکـانی ئەو ڕۆمـانەدا بـۆ بە پیـرۆز مـانەوەی خۆی و عەشقەکەی تا ئاستی خوێن ڕژانیش لە پێناو بەگژداچوونەوەی ئەو داب و نەریتـانەی لە لایەن بـاوانییەوە دەیانەوێت بەسـەریدا بیسـەپێنن خەبات

دەکات، (( شاکەسی ڕۆمانی کوردی هێشتا لە هەوڵی ئەوەدایە کە قارەمانێتی و پیرۆزی خۆی بپارێزێت)) (کاکەوەیس، ٢٠٠٥: ١٦).
لە ڕۆمانی بزەی ژیاندا دوو کاراکتەری وەک خەیاڵ و شاشان ڕۆڵ و پێگەیان وا وێنە گیراوە کە هەوڵبدەن دژ بە هەموو ئەو نەریتە کۆن و دوا کەوتووانە بوەستنەوە کە لە نێو ئەو قەڵایەدا جێ بەجێ دەکرێن. ئەویش لە پێناو ڕزگار بوونیان لەو قەڵایەی کە وەک کویلەو کەنیزە تیایدا بەند کراون. بۆیە ناچار دەبن چەند ڕێگەیەک بگرنەبەر تا سەرئەنجام دەتوانن خۆیان لە سنووری ئەو قەڵایە دەرباز بکەن، ((ڕامەوەستە، با دەرباز بین)) (حەسەنیانی، ٢٠٠٧: ١٢١).
ڕۆماننووس سروشتی پاکی خۆشەویستی تاکەکانی کوردمان نیشاندەدات کە بە چ هەستێکی پاک و بێگەردەوە ئەم لایەنەی ژیان فەرامۆش ناکەن سەرەڕای ژیانی هەژاری و پڕ نەهامەتی تیشک دەخاتە سەر ئەو کێشەو گیروگرفتانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە بە هۆی داب و نەریتی کۆمەڵگاوەو ئازایەتی و گیانبازی ئەو کەسانەش نیشاندەدات.

**تەوەری سێیەم: ژنە کاراکتەری واقیعی و ئەفسانەیی:**

**١- کاراکتەری واقیعی.**

بینای هونەری هەر دەقێکی ڕۆمان لە وێنەگرتنی ڕووداوەکاندا، پشت بە ئاست و تواناو لێهاتوویی نووسەر دەبەستێ و چەندین لایەن و گۆشەنیگای جیاواز هەن کە ڕۆماننووس پشتیان پێ دەبەستێ لە دروستکردنی ئەو ڕووداوانەدا، کە ڕەنگە هەندێکیان سوود وەرگرتن بێ لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەو هەندێکیشیان بەهۆی خەیاڵ و فەنتازیای هزریی نووسەرەوە بێ، کە ڕووداو و کەسێتی لێ دروست دەکات. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە (( ڕووداوە گێڕدراوەکان، چ ڕووداوی ڕاستەقینە بن و چ خەیاڵی لە فەزایەکدا ڕوودەدەن کە بە فەزای ڕووداوەکان ناودەبرێن)) (ریکور، ٢٠٠٦: ١٤٣).
کاراکتەری واقیعی ئەو جۆرە کاراکتەرەیە کە وێنەیەکی واقیعی کاراکتەری ژن نیشاندەدات لە نێو ڕووداوەکانی ڕۆماندا. ئەم جۆرە کاراکتەرە لە لایەن ڕۆماننووسەوە وەک هەرکەسێکی واقیعی وێنا دەکرێت و پێگەو ڕۆلبینینیشی هەر وەک کاراکتەرێکی واقیعییە. ڕۆماننووس ئەم جۆرە کاراکتەرە بەجۆرێک

وێنادەکات کە خوێنەر لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا وەک کەسی ئاشناو ناسیاو دەیانبینێ.
ئەگەرچی زۆر جار ڕووداوەکانی ڕۆمان زادەو هەڵقوڵاوی هزری مرۆڤن و لە خەیاڵدانی ڕۆماننووسەوە لە دایک دەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندی جار دەیەوێ وێنەی واقیعێکمان نیشان بداتەوە و لەم کاتانەدا ڕۆمان بە جۆرێک لە ژیان و ڕووداوەکانی ژیان نزیک دەبێتەوە کە خوێنەر واهەست بکات بگێڕەوەی ڕۆمان بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە. ڕۆمان وێنەی کەسایەتی و ئەو ڕەفتارانەی تێدا بەرجەستە دەبێ کە ژیانی ڕاستەقینە وێنە دەگرنەوە، (( بۆیە لەسەر ڕۆماننووس پێویستە کاراکتەرەکانی نەبەو شێوە واقیعی بن کە بە تەواوی لە کۆمەڵە کەسانێک بچن لە واقیعەوە وەریگرتبن بۆ ئەوەی ڕۆمانەکەی نەبێتە وێنەیەکی فۆتۆگرافی ژیان، نە هێندەش خەیاڵی بن خوێنەر هیچ خەسڵەتێکی ئەوان لە ژیاندا نەبینێتەوە)) (شێخ محەمەد، ٢٠٠٩: ١٨٢).
ڕۆمانەکانی حەسەنیانی بەو پێیەی سەر بە جیهانی ڕۆمانی ڕیالیزمین، لەبەر ئەوە ڕۆماننووس هەوڵیداوە تەواو لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی نزیک بێتەوە. لە دروستکردنی ڕووداوەکان و وێناکردنی کەسێتییەکانیدا خوێنەر پەلکێشی نێو ئەو واقیعە بکات و خوێنەر واهەست بکات لەگەڵ واقیع و چەند کەسانێک ڕووبەڕوو بۆتەوە کە پێشتر ئاشنایان بووە، (( ڕۆمان هەندێک جار بەوە دەست نیشان دەکرێ کە خەیاڵاوی و ئەندێشەیە، چونکە وێنەی کەسایەتی و هەڵوێستی خەیاڵاوی دەگرێ، لەوانەیە هێمایەکی بۆ شوێن و کەسەکان و ڕووداوە ڕاستەقینەکان تێدابێت. لەگەڵ ئەوەش کە کەسەکان و ڕووداوەکان خەیاڵاوین، کەچی ژیانی ڕاستەقینە دەنوێنێ و لێکچوونێکی بنەڕەتی لەگەڵ واقیعدا هەڵدەگرێ)) (هۆرسۆن، ١٩٩٩: ٥٢). ڕەنگە ئەمەش لەمەوە سەرچاوەی گرتبێ کە واقیع خۆی بەهێزترین بنەرەتی دروستکردنی ڕووداو و کەسێتییەکانی نێو ژانری ڕۆمان بێت. (( یەکێک لەو سەرچاوانەی ڕۆماننووس، بۆ خولقاندنی ڕووداوی نێو ڕۆمان پەنای بۆ دەبات، واقیعە. واقیع وەکو کەرەسەیەکی خاو، هەمیشە ڕۆماننووسان بەکاریدەهێنن، لەگەڵ خەیاڵ و تەکنیک هەوڵی ئافراندنی ڕۆمانی پێ دەدەن. بێگومان گێڕانەوەی هەر ڕووداوێکی واقیعی، یان ئەزموونی ڕۆماننووس، یان کەسانی دیکە نابێتە

ڕۆمان، بەڵکو دەبێت لەگەڵ ئەندێشەو خەیاڵ خۆی تێکەڵی بکات)) (مەنتک، ٢٠١٣: ١١٩).

ڕۆماننووس لە وێنەگرتنی ڕووداوەکاندا سروشتێکی واقیعیانەی وای دارشتووە کە هەندێک جار خوێنەر تەواو هەست بەوە بکات سەربردەی چەند کەسانێک دەگێڕێتەوە کە لە واقیعدا بوونیان هەبووەو پێشتر ناسیوونی بۆ نموونە: لە ڕۆمانی کارمامزدا مامز و تارا وەک دوو کاراکتەری مێینەی واقیعی کۆمەڵگەی کوردەواری وێنەگیراون کە لە بەرانبەر کۆمەڵێ داب و نەریتدا وەستاونەتەوە، ((وەبیری هاتەوە کە تازە هاتبوو بۆ (کانی پەری) فێنکی ئێوارەیەک بۆ دەست و چاو شۆردن چوو بۆ سەرکانی و بۆیەکەم جار چاوی بە مامز کەوت. مامز کیژێکی ڕەسیو، خوێن شیرین، چاوکاڵ، کەزی زەرد، باریکەڵەو کێل گەردەن و جوانترین گوڵی ئەو مەڵبەندە بوو)) (حەسەنیانی، ١٩٩٩: ٧).

لە ڕۆمانی دەرویشیشدا پەری وەک کاراکتەرێکی واقیعی کۆمەڵگەی کوردی وێنەگیراوە و تەنانەت ئەو فەزاو شوێنەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەشی تێدا دەگێڕدرێنەوە فەزایەکی واقیعین، (( باوکم لەگەڵ مامم خاوەنی شەشدانگی گوندێک بوون بە ناوی بەرزۆک.. مامم دوو کوڕ و کچێکی بوو. کوڕەکان ناویان لاوە و کاوە بوو، کچەکەشی ناوی پەریزاد بوو پێیان دەگوت پەری)) (حەسەنیانی، ٢٠٠٠: ٧).

لە ڕۆمانی بزەی ژیانیشدا ڕۆماننووس کەسێتی کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە -ژوان- لە دوو وێنەی جیاوازدا وێنە گرتووە، چونکە دوو ڕۆڵی جیاوازی پێ پەخشیوە ئەویش بەهۆی ئەوەی لە باری واقیع خاوەن ناسنامەی -ژوان-ەو لە باری ئەفسانەیی و دۆنادۆنیەکەشی، خاوەن ناسنامەی کەسێتییەکی دیکەیە بە ناوی -خەیاڵە.

(( پێم وابێ تۆ ئەمنت بە یەکێ دی شوبهاندووە، پێت گوتم خەیاڵ...؟!.

- پیاوەکە بە بزەوە چاوێکی لێ کردم و گوتی:

- هیوادارم هەڵەم نەکردبێ...

-پیاوێکی سەیرم هاتە بەرچاو. هەرچی بیرم لێ دەکردەوە نەمدەزانی لە کوێم دیوە، دڵنیا بووم لە جێگەیەک دیومە، مامەندیشم دیبوو، بەڵام نەدەچوومەوە سەری...)) (حەسەنیانی، ٢٠٠٧: ٣١).

ڕۆماننووس لە باس و وەسفی کاراکتەرە ژنەکاندا بایەخێکی زۆری بە ڕۆڵ و پەیامی ژن داوە هەر لەبەر ئەوەیە زۆر بەکەمی و بە کورتی تیشک دەخاتە سەر دیوی ڕووخسار و وێنەگرتنی شێوەی دەرەوەی کاراکتەرەکان، ئەمەش لە پێناو گەیاندنی ئەو ڕۆڵەیە کە کاراکتەرە ژنەکانی نێو ڕۆمانەکە دەیگێڕن.

**٢- کاراکتەری ئەفسانەیی:**

لێرەدا ((مەبەستمان لەو جۆرە کەسەیە کە بیرو باوەڕ و سرووشتی دوو کەس یان زیاتری لێکۆدەبێتەوە. یان کەسێکی سەردەمی کۆن لەگەڵ کەسێکی ئێستادا، دۆنی یەک دەبن)) (عەلی، ٢٠١٢: ٢٨٤).

کاراکتەری ئەفسانەیی ئەو جۆرە کاراکتەرەیە کە زیاتر وەک کاراکتەرێکی خەیاڵی وێنا دەکرێن و ڕۆڵیشیان لە نێو ڕووداوەکاندا وەک کاراکتەرێکی ئەفسانەیی وێنە دەگیرێت. خوێنەر هەست بە بوونی واقیعی ئەو جۆرە کاراکتەرانە ناکات و تێگەیشتن لێیان کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە ماندووکرنی بیرو هزرە ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ((ڕۆمان لە ڕێگەی ئافراندنی لۆجیکییەوە کە لە ڕێگەی چیرۆکەوە فراوان دەبێت و بەزۆری ڕەهەندێکی ئەفسانەیی و چیرۆکی مێژوویی لە پشت سەریانە)) (برادبری، ٢٠٠٨: ١٢٢).

لە وێناکردنی ئەو جۆرە کاراکتەرانەدا سروشتی کەسێتییان لە کەسێتی ڕۆمانی ڕیالیزمی سیحری نزیک دەبێتەوە هەر لەبەر ئەوەشە، کە((گرنگترین کەسی ئاوێتەی ڕیالیزمی سیحری، کەسێتی یان پاڵەوانی ئەفسانەییە و لە قوڵایی مێژووە هاتووەو بە گیانە ئەفسانەییەکەیەوە لە سەردەمی ئێستادا ڕۆڵ دەگێڕێت)) (عەلی، ٢٠١٢: ٢٨٤). ڕەنگە ئەمەش لەو توانایەوە سەرچاوەی گرتبێ کە ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی دەتوانێ بینوێنێ، (( ڕۆمان مەوداو ئیمکانیاتە جۆراوجۆرەکانی بوون کەشف دەکات و هاوسەنگییەکی دیالێکتیکی لە نێوان ئەقڵ و ئەفسانەدا دەسازێنێ و ئیدی دنیای بێ سنووری روح دەپشکنێ و مێژووی خەونەکانی مرۆڤ لە قاڵبی هونەردا بەرجەستە دەکات)) (عارف، ٢٠٠٨: ٢٠). زۆرجاریش ئەو توانایەی ڕۆمان لەگەڵ سنوورەکانی مێژوو ئەفسانەدا تێکەڵ بەیەکتربوون، چونکە ((رۆمان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئێستا دەیەوێت بەشێوەیەکی

چڕو پڕ بچێتە نێو دنیای مرۆڤ و تیشک بخاتە سەرکارە شاردراوەکان و زۆر بەوردیش بە مێژوودا بچێتەوە)) (سالح، ٢٠٠٠: ١٤٩).

لە نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانی بزەی ژیاندا لە ئەنجامی ئەو فەلسەفە ئاینییەی کە لە نێو ڕووداوەکاندا باسی لێوە دەکرێت و، کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانە کە شەیدای شارەزابوون و بەدەستهێنانی زانیاریە لە بارەی ئەو فەلسەفەیەوە کە ئەویش فەلسەفەی (تناسخ الارواح)ە، (( زۆر جار دەبینین ڕۆماننووس ئەفسانە و چیرۆکی میللی و فۆلکلۆری و چیرۆکە ئایینییەکان تێکەڵ بە ڕۆمان دەکات)) (مەنتک، ٢٠١٣: ٢٦٠). لەبەر ئەوەیە کە هەندێک لە کاراکتەرەکان وەک کاراکتەری ئەفسانەیی وێنە گیراون و ڕۆماننووس سروشتێکی ئەفسانەیی پێ بەخشیون و ڕۆڵ و پێگەشیان زیاتر وەک کاراکتەری ئەفسانەیی و خەیاڵی دەردەکەوێت و لە سروشتی کاراکتەری واقیعیەوە دوورن. (ژوان) کە کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە لە ئەنجامی خەواندنی هیپنۆتیزمیەوە ڕۆڵ و پێگەکەی ئاشکرا دەبێت، ((ئازاد گوتی: لە زانستگە لە فەلسەفە دەخوێنێ و لە بارەی بیرو ڕای ژیانەوە بە زمانێکی ساکار دواو دایکم و ژیرۆ و گزینگ گوێیان بۆ هەڵخستبوو. ئازاد زۆری نموونە هێناوە کە سووری دەکردەوە ژیانەوە ڕاستە و گیانی ئێمە لە پێشدا لەبەر لەشێکی دیکە دابووە و دوای مردنیش گیانی ئێمە نامری و دەچێتە نێو لەشێکی دیکەوە.

**کاتێ قسەکانی ئازاد تەواو بوون پێم گوت:**

ئەو ڕۆژەی کە تۆم دی بە منت گوت خەیاڵ..گوتت ژیانی ڕابردوومان تێکەڵاو بووە، دەکرێ لەو بارەوە هەرچی دەزانی پێم بڵێی؟.

هەر دەبێ پێت بڵێم، وەکو ئەو ڕۆژە پێم گوتی، سێسەد ساڵ لەمەوپێش من هەبووم، تۆش هەبووی،...) (حەسەنیانی، ٢٠٠٧: ٦٣).

هەر لە نێو ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەدا چەندین کاراکتەری دیکە دەبینین کە ڕۆڵ و پێگەیەکی خەیاڵی ئەفسانەییان پێدراوە و، هەر لە ڕێگەی فەلسەفەی (تناسخ الارواح)وە لە نێو ڕووداوەکاندا ڕۆڵدەگێڕن لە نموونەی (شاشان، زێڕین).

بگێڕەوەی ڕووداوەکان لەسەر زمانی یەکێک لە کاراکتەرەکانەوە هەوڵدەدا پێناسەی ئەو تێڕوانینە فەلسەفیە – ئاینییە، بۆ کاراکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکە (ژوان) بکات. بەو شێوەیە لە بارەیەوە دەدوێ:

(( به ڕاگوێزانی گیان له لەشێک بۆ لەشێکی تر دەڵێن"تناسخ" و بەچوونی گیان بۆ بەر گیانلەبەرێک دەڵێن"تماسخ" و بەچوونی گیانی مرۆڤ بۆ دارو گیا دەڵێن"تراسخ" بەڵام هەر تەناسوخ یا ژیانەوە دروستەو ئەوانی دی هەر قسەن)) (حەسەنیانی، ٢٠٠٧: ١٣٤). بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم فەلسەفە ئاینیەش بگێڕەوەی ڕومانەکە پەنا دەباتە بەر زانستی هیپنۆتیزم (خەواندنی موگناتیسی)یەوە، ((ئەمجا هیپنۆتیزم خزمەتێکی گەورەی بەو بیرو ڕایە کردووە، بەم چەشنە کە بە دەخەوکردنی کەسێک هێندەی دەبەنەوە پشتەوە تا دەگاتە ژانی پێشووی)) (حەسەنیانی، ٢٠٠٧: ١٢).

له نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانی دەرویشدا کاراکتەری ئەفسانەیی وێنەی هەیە بۆ نموونە (پەرەنگ) وەکو کاراکتەرێکی ژن وێنەیەکی ئەفسانەیی پێدراوە، بگێڕەوەی ڕۆمان و شاکەسی ڕۆمانەکە بە کاراکتەرێکی ئەفسانەیی باسی لێوە دەکەن، ((کورو کچ دەستی ڕەشبەڵەکیان گرتبوو. ئەمن هێشتا نەچووبوومە نێو گۆوەندەوە کە لە پڕێک کچێک سەرنجی ڕاکێشام. بە دیتنی ئەو کچە کە لە دوایەدا زانیم ناوی (پەرەنگە) واقم وڕما.! بۆ تاوێک گۆوەند و زەماوەندم لەبیرچۆوە. پێم وابوو پەرییە. دەتگوت سێوێکە و لەت کراون. لەگەڵ پەری مووی لێنەدەدا. بەژن و باڵای، ڕوومەتی، بزەی، ڕوانینی هەر خۆی بوو ویستم بۆ لای بچم و هاوار بکەم:

پەری! پەری! ئەتۆ چی و ئێرە چی؟ خۆشەویستەکەم! پەری! وەرە با بڕۆین. وەرە با قەرارەکەمان بەرینە سەر. نازانی لە دووری تۆ چۆنم ڕابواردووە؟ پەری.! پەری!)) (حەسەنیانی، ٢٠٠٠: ٥٥).

لە ڕۆمانی کارمامزیشدا ڕۆماننووس تا ئەندازەیەک سروشتێکی ئەفسانەی بە ژنە کاراکتەر یای گوڵ بەخشیوە بە تایبەتی لە باسی ئازایەتی و جوانمێریدا.

ئەگەر لە کەسە ئاوێتەکانی ڕۆمانەکانی حەسنیانی وردبینەوە زۆر بە روونی هەست بەوە دەکەین کە ئاوێتەییەکەیان تێکەڵەیەکە لە دوو تەرزە کەس: کەسێکی ئاسایی کە ژیانی ئاسایی خۆی بەڕێدەکات. لەگەڵ کەسێکی تێکەڵ بە کەشی ئایینی بە تایبەتی ئەو فەلسەفە ئایینیەی باس لە ئاوێتەبوون و ئاڵوگۆڕی روح دەکات لە نێو کەس و شتەکاندا. بە شێوەیەکی گشتی لە بونیاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکانی حەسنیانیدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕۆمانەکانی تێکەلەیەکە لە نێوان وێنەگرتنی واقیعییەت بەکار هێنان و مەزراندنی خەون و خەیاڵ و ئەفسانەو گێڕانەوەی بەسەر هاتی ڕابردوو،

ئەمەش وایکردووە سروشتی ڕۆمانەکانی ئەم ڕۆماننووسە لە هەندێ دیمەندا لە سروشتی ڕۆمانی ڕیالیزمی سیحری تەواو نزیک ببنەوە.

## ئەنجام:

**لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەو ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:-**

١- عەلی حەسەنیانی وەک نووسەر و ڕووناکبیر چۆن لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا هاوشانی شاعیرانی نوێخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵی هەبووە بە هەمان شێوە لە گەشەپێدان و بەرەو پێشبردنی ڕۆمانی کوردیشدا تەکانێکی بەو ژانرە ئەدەبیەی پەخشان داوە؛ ئەویش بە نووسینی هەرسێ دەقی ڕۆمانی (بزەی ژیان، کارامز، دەروێش) .

٢- ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس وێنەی واقیعی کۆمەڵگەی کوردیان گرتووەو لە هەوڵی دیارخستنی ئەو کێشەو گیروگرفتانەدا بووە کە کۆمەڵگەی کوردی لەو ساتە وەختەدا لە ڕووی سیاسی و کلتوورییەوە گیرۆدەیان بووە، لەبەر ئەوە زیاتر لە خانەی ڕۆمانی ڕیالیزم و ریالیزمی شۆڕشگێڕیدا جێگەیان دەبێتەوە.

٣- حەسەنیانی لە نێو هەرسێ ڕۆمانەکەیدا ڕۆڵی دیار و کاریگەری بە کاراکتەری ژن بەخشیوە سروشتی کارکتەری کاریزمایی پێداون و، پێگەی هەندێ لە کاراکتەرە ژنەکانی هاوشانی کاراکتەرە پیاوەکان وێنە کێشاوە، بەمەش توانیویەتی پێگەو ڕۆڵی ژن بەرز ڕابگرێت.

٤- ڕۆماننووس هەوڵیداوە پێگەو ڕۆڵی کاراکتەری ژن لە هەرسێ ڕۆمانەکەیدا بەسەر تەوەری جیاوازدا دابەش بکات و وەک کاراکتەری ( ڕۆشنبیر و خەباتگێر و ئەفسانە)یی وێنەیان بگرێت و، لە لایەکەوە ئاست و پێگەی ڕۆشنبیریان بەرانبەر بە زانست و مرۆڤدۆستی و داب و نەریتە کلتووریەکان دیاریبکات و، لە لایەکی دیکەشەوە پێگەو ڕۆڵی خەباتگێرییان بەرانبەر بە سیستەمی سیاسی و داب و نەریتە چەقبەستووەکان نیشانبدات. بۆ پێدانی ئەو پێگەو مەکانەتە دیارانەش هەندێ جار سروشتێکی ئەفسانەیی بە هەندێک لە کاراکتەرە ژنەکان بەخشیوە و لە سروشتی واقیعی دایماڵیون.

٥- بە هۆی ئەو پێگە ئەفسانەیی و خەیاڵییەی ڕۆماننووس بە هەندێک لە کاراکتەرە ژنەکانی بەخشیوە؛ وایکردووە هەندێ لە دیمەنەکانی نێو ڕۆمانەکان لە سروشتی ڕۆمانی ڕیالیزمی سیحری نزیک ببنەوە، ئەمەش بەهۆی سوود وەرگرتنی ڕۆماننووسەوە بووە لە هەندێک دیاردەی فەلسەفی

وەک دیـاردەی دۆنـادۆن (التناسـخ الـرواح). بە تـایبەتی لە ڕۆمـانی (بـزەی ژیان)دا دەتوانین بڵێین: ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە زیاتر لە پێناوی گەیاندن و شیکردنەوەی ئەو دیاردە فەلسەفیە- ئاینییە مەزرێندراون و، ڕۆماننووسیش بـۆ گەیانـدنی ئەو پەیـامەی پیویسـتی بە کـاراکتەری ڕۆشـنبیر و خوێنـدەوار هەبووە.

(*) **عەلی حەسەنیانی(هاوار) سەر بە بنەماڵەیەکی کۆنی مەهابادە. لە ساڵی (١٩٣٩)ز لە تـاران لە دایـک بـووە، لە سـاڵی (١٩٦٤) ز بروانـامەی حقـوقی لە زانکـۆی تـاران بەدەستهێناوە، لەساڵی ١٩٨٩ ز دەچێتە وڵاتی دانمارک و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، لە ١٩٩٢ لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و لە گۆرستانی ( هانس کریستیان ئاندێرسێن) لە کۆبنهاگن بەخاک سپێردراوە. یەکێک بووە لەو نوسەرانەی کەرۆڵی لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووەو لەبواری نوسینی چیرۆک و رۆمانیشدا دەستێکی باڵای هەبـووەو خـاوەنی سـێ رۆمـانە بەناوەکـانی (کارمامز، بزەی ژیان، دەرویش).**

## سەرچاوەکان:

**ا/ کوردی:**

١- کتێب/

١- ئەحمەد، فازل کەریم و ئەوانی تر(٢٠٠٤)، خەیاڵ و ڕۆح، دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢- ئەحمەد زادە، هاشم (٢٠١٢)، زمـان و ئەدەب و ناسنامە، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٣- ئەنگلـس، فریـدریک (٢٠٠٤)، بـنەچەی خێـزان و خاوەنـدارێتی تـایبەت و دەوڵەت، و/ کەریم مەلا ڕەشید/ چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
٤- برادبری، ئیبزامـر مالکـام نـورترۆپ فـرای (٢٠٠٨)، ڕۆمـان چیە، و: جەواد مستەفا، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٥- حەسەن، حەمەسەعید (٢٠٠٥)، هزرو شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٦- حەسـەنیانی، عەلـی (١٩٩٩) کارمامز(ڕۆمـان)، چاپخـانەی گـلارا، چ ١، هۆڵەندا.

٧- ........... (٢٠٠٠)، دەرویێش(ڕۆمان)چاپخانەی مهاباد، چ ١، مهاباد.
٨- .............(٢٠٠٧)، بزەی ژیان (ڕۆمان)، چاپخانە ؟، شوێن؟.
٩- دیورانت، ویل (٢٠٠٧)، مێژووی شارستانیتی، و: کۆمەڵێک وەرگێر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٠- ڕەئوف، لوقمان (٢٠١٢)، ڕەهەندەکانی شوێنکات لە دەقە والآکانی شێرکۆ بێکەس دا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
١١- ساروت، ناتالی و ئەوانی تر (٢٠٠٨)، لۆسیان گۆڵدمان، ڕۆمان و واقیع، و: سەلاح عومەر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٢- سەعید، ئیسماعیل ئیبراهیم (٢٠١٠)، ڕووداوەکانی کوردستان لە ئاوێنەی ئەدەب دا، چاپخانەی خانی، چ ١، دهۆک.
١٣- سەعید، جەلال ئەنوەر (٢٠١٣)، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجی خواروودا، چاپخانەی کەمال، چ ١، سلێمانی.
١٤- سدیق، ئارام (٢٠٠٩)، ستاتیکای گێڕانەوە – ڕامان لە چیرۆک و ڕۆمانی کوردی و جیهانی، چاپخانەی یاد، چ ١، سلێمانی.
١٥- شێخ محمەد، سەنگەر قادر (٢٠٠٩)، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی، چاپخانەی خانی، چ ١، دهۆک.
١٦- عارف، حەمەکەریم (٢٠٠٨)، دەربارەی ڕۆمان و چیرۆک،چاپخانەی ئارابخا، چ ١، کەرکووک.
١٧- عەلی، حسێن سابیر (٢٠١٢)، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکەمەم بۆتانی دا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
١٨- غالب، صەباحی (١٩٧٩)، ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا، دار الحریه للگباعه، بغداد.
١٩- فەلاح، شەریف (٢٠١٢)، ڕۆچنەیەک بۆ ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ب ١، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
٢٠- ..............، (٢٠١٣) ڕۆچنەیەک بۆ ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ب ٢، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.٢٠١٣
٢١- کاکەوەیس، جەلیل (٢٠٠٥)، ڕۆمانی کوردی، چاپخانەی بینایی، چ ١، سلێمانی.

٢٢- کەریم، سەروەر (٢٠٠٢)، کۆمەڵێک وتار دەربارەی کێشەی ژنان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.
٢٣- مەنتک، حەمە (٢٠١٣)، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
٢٤- مەولود، مەهدی سالح (٢٠٠٦)، دەربارەی ڕۆمان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٢٥- محەمەد، مهاباد ئازاد (٢٠١٠)، وێنەی ڕۆشنبیر لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ ١، سلێمانی.
٢٦- محموود، شنۆ محەمەد (٢٠٠٧)، ڕۆڵی سوارەی ئێلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٢٧- مونیف، عەبدولڕەحمان (٢٠٠٦)، تیشکێک بۆسەر ڕۆمان، و: شیرین. ک، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ ١، سلێمانی.
٢٨- میراودەلی، خەسرەو (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چ ١، سلێمانی.

**٢- گۆڤارو ڕۆژنامە/**

٢٩- بەگیخانی، نەزەند (٢٠٠٧)، پیاوسالاری، دەسەڵات، قوربانی، ڕ/ هاوڵاتی، ژ/ ٣٣٤.
٣٠- حەسەن، حەمە سەعید (٢٠٠٥)، قارەمان و ڕووداو لە چیرۆکی کوردیدا، گ/ شین، ژ/ ١٠.
٣١- ڕەسووڵ، تەها ئەحمەد (١٩٩٩)، تیۆریزەکردنی رۆمان لە تێڕوانینی لۆکاشدا، گ/ رامان، ژ/ ٣٦.
٣٢- زراڤا، میشێل (٢٠٠٦)، ڕۆمان بە واتای ژانری ئەدەبی و دامەزراوی کۆمەڵاتی، و: عەتا جەمالی، گ/ ڕامان، ژمارە/ ١٠٦.
٣٣- عەبدوڵڵا، سەروەر (٢٠٠٢)، سەرەتایەک لە بارەی بنەمای گوتاری کەسایەتیی نێو ڕۆمان، گ/ ڕامان، ژمارە/ ٧٥.
٣٤- مەلەکشا، جەلال و کۆمەڵێک نووسەر (٢٠٠٠)، بزاڤی ڕووناکبیری لە کوردستانی ئێران، گ/ ڕامان، ژمارە/ ٥١.
٣٥- مولود، مەهدی سالح (٢٠٠٠)، رۆمانی کوردی، گ/ کاروان، ژ/ ١٤٦.
٣٦- یونس، مهند (١٩٩٩)، پاڵەوانی ڕۆمانی ڕۆشنبیر یان سەرکێش، و: ئازاد سوبحی، گ/ نووسەری نوێ، ژ/ ٨.

٣٧- هادی، سیامەند (٢٠٠٣)، ڕۆمانی کوردی، گ/ ئاینده/ ژ/ ٤٩.
٣٨- هۆپۆرن، جیرمی (٢٠٠٧)، ڕۆمان و چەند پێناسەیەکی بەرایی، و: ناسح حوسێن سلێمان، گ/ نووسەری نوێ، ژ/ ٣٧.
**ب/ عەرەبی**
٣٩- ازوگ، جورج(١٩٨٩)، سهيل ادريس في قصصة ومواقفة الادبية، دار الكتب، دار الحداثة للطباعة والنشر، بيروت.
٤٠- بگرس، انگونيوس(٢٠٠٥)، )، الادب- تعريفه- انواعه- مذاهبه، مؤسسة الحديثة لكتاب، ط ١، طرابلس.
٤١- ريكور، بول(٢٠٠٦)، الزمان والسرد والتصوير فى السرد القصصى، ت: فلاح رحيم، دار الكتاب الجديد المتحده، گ ١، ج ٢، گرابلس.
٤٢- عثمان، بدري(١٩٨٦)، بناء الشخصية الرئيسية في روايات نجيب محفوظ، دار الحداثة للطباعة والنشر، ط ١، بيروت.
ج / نامه زانستی:
**١- کوردی:**
٤٣- گەرمیانی، عادل مەجید(١٩٩٦)، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخ دا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا.
٤٤- عەبدولکەریم، حەیات سەعید(٢٠٠٥)، نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٧٠-٢٠٠٠)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین .
٤٥- محەمەد، سۆزان عەبدوڵلا(٢٠٠٤)، کەسێتیی ئافرەت لە ڕۆمانی کوردیدا (١٩٩١-٢٠٠١)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
**٢- عربی**
٤٦- عبداللة، سرور عبدالرحمن(١٩٩٤)، بناء الشخصيات في الروايات غسان كنفاني، رسالة ماجستر، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين.

## ملخص البحث

الروائي ( علي حسنياني) أحد روائيي شرق كردستان، حاول من خلال رواياته الثلاث والتي هي: (ابتسامة الحياة، والشادن (ابن الغزال)، والدرويش)، أن يناقش عدد من الظواهر والأبعاد المختلفة مثل: مشكلة النضال، والظلم، والطبقية، والثقافة، والتراث، ونجد أن الروائي في زاوية من زوايا رواياته أعطي أهمية كبيرة لمكانة شخصية المرأة و دورهنَّ داخل نصوص

رواياته؛ ولقد رصدنا هذه المكانة والدور الكبير الذي أعطاه الروائي لشخصية المرأة في رواياته وحاولنا البحث في هذا الجانب الذي منحه الروائي لشخصية المرأة، ومن هذا البعد الذي انطلقنا منه تكؤن الفصل الأول من عدد من المباحث: إذ تحدثنا في المبحث الأؤل عن: ( مكانة المرأة في الأدب)، والمبحث الثاني تدور حول: ( مكانة المرأة في الرواية)، أما المبحث الثالث فدرسنا فيه: (مكانة المرأة في روايات علي حسنياني).

وفي الفصل الثاني حاولنا أن نبين شخصية المرأة في الروايات الثلاث بشكل تطبيقي، فجاء الفصل من ثلاث مباحث، ففي المبحث الأؤل: بينا مكانة شخصية المرأة ودورها كشخصية ثقافية، من خلال الجانب العلمي والإنساني والتراثي، والمبحث الثاني وضحنا مكانة شخصية المرأة ودورها كشخصية مناضلة ضد النظام السياسي والعادات والتقاليد الاجتماعية، أما في المبحث الثالث فقد ناقشنا مكانة شخصية المرأة ودورها كشخصية واقعية وأسطورية.

وفي الختام بينا أهم النتائج الذي توصل إليه البحث، وأشرنا إلي أهم المصادر والمراجع الذي اعتمد عليه البحث .

## Abstract

Ali Hassaniany is one of eastern Kurdistan who tried to deal with some aspects of striving، social، ranks، tyranny، education، and culture in his novels " Bzay zhyan، Karmamz، and Darwesh" from this perspective،

the novelist paid a lot of attention to the role and status of women in his novels. Feeling his great concern of the role and concern of women،we tackle that role of women in this study.

This study is divided into two chapters: chapter one falls into three sections. Section one is devoted to the role of women in Kurdish literature، section two sheds light on the role of women in novels، and in section three، we have talked about the role of women in hassanianyn's novels . Chapter two focuses on the practical status of women in the three novels which falls in two three sections. section one discusses the educational character of women from scientific، cultural،and human perspectives،section two deals with the role of women as striving character against political system and social habits in section three we the realistic and mystical character of women . Finally the concussion

Have been specified in some points and there is the reference list of the sources that have been used in study.